# ڕەها

گۆڤارێکی گشتی مانگانەیە

ژمارە (3) پێنج شەممە 1/3/2018




# بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی

## نموونەی کەسایەتی کاریگەر

**خاوەنی ئیمتیاز :**
- ئەیاد نادر
Ayadqadr10@gmail.com _ 07800932624

**بەڕێوەبەری گشتی :**
- ئاوارە کاوێس
malaawarakawes@gmail.com _ 07508447484

**سەرنووسەر :**
- زامدا ر قادری
Muhammadibrahim9232@gmail.com _ 07507399232

**بەڕێوەبەری هونەری :**
- ا رکا ن صدیق بەقال
Arkanbaqal1990@gmail.com _ 07503081803

**دیزاین :**
- بلال برزنجی
bilalbakr.1995@gmail.com _ 07507606006




# ڕەهـــــا

* ڕەها گۆڤارێکی مانگانەی گشتی یە ، بە شێوازی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە .

* ڕەها بابەتی نوسەران بە چەند فلتەرێك دادەبات ، دواتر بڵاو دەکرێتەوە ، ئەگەر بابەت لە ژمارەیەك بڵاو نەکرێتەوە ڕەنگە هەڵبگیرێت بۆ ژمارەکانی داهاتوو .

* ڕەها بە هیچ شێوەیەك بەر پرس نیە لە هیچ یەك لە بۆچوونی نوسەران .

* دەستەی نوسەرانی ڕەها ( د. ابراهیم هەرشەلی ، زامدار قادری ، د. بەدر قادر سورچی ، محمد مەلا سعدالدین ، ئاوارە کاوێس ، نیاز عەزیز )

بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیارێك دەتوانن بەم ئیمەیلەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە
Govari.raha@gmail.com

دەستەی نووسەران

# فەزل و گەورەیی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت

زنجیرەی (2)


كەواتە دەبێت واتای ئەم فەرموودانە وا ڕاڤە بكرێت كە یەك بگرێتەوە لەگەڵ ئایەتەكاندا بۆیە لە لێكدانەوەیان بۆ ئەم فەرموودانە :

١- فەزڵدان قەدەغەی لێ كراوە كە لە گەورەیی پێغەمبەرانیتر بهێنیتە خوارەوە و بێ ڕێزی تێدا بێت بە پێغەمبەرانیتر نەك واتای ئەم فەرموودانە وا لێك بدرێنەوە كە دەبێت بڕوات بە یەكسانی هەبێت لە نێوان پێغەمبەراندا چونكە لە چەندەها دەقی پیرۆزی قورئان باس لە ریزبەندی پلە و پایەی پێغەمبەران دەكات وەك پێشەوا خەتابی دەفەرموێت : ( معني هذا ترك التخيير بينهم علي وجه الازراء ببعضهم فإنه ربما أدي ذلك إلي فساد الاعتقاد فيهم والإخلال بالواجب من حقوقهم وبفرض الإيمان بهم، و ليس معناه أن يعتقد التسوية بينهم في درجاتهم فإن الله سبحانه قد أخبرأنه قد فاضل بينهم فقال عز وجل ﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ , مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ , وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾ واتە : (مانای ئەو تەركە هەڵبژاردنە لەنێوان پێغەمبەران لەسەر ڕێگاری بەكەم زانین بێت ئەوا سەردەكێشێ بۆ فەسادی بیروباوەڕ پێیان وە خەلەل دان لە واجبێك دەربارەیان ، وە خەلەلێك لە واجب بوونی ئیمان پێیان ، مانای وا نیە ئەوان لە یەك ئاست بن لەیەك پلە بەڵكو خوای گەورە هەواڵی داوە كە هەندێكیانی گەورەتر كردوە واتا : ئەو پێغەمبەرانە ئێمە هەندێكمان فەزڵ پێوان بەسەر هەندێكیان ، هەیانە خودا قسەی لەگەڵ كردوە ، وە پلەی هەندێكی بەسەر هەندێكی تردا بەرز كردۆتەوە ) چونكە گومان لەوە دا نیە كە هەندێك لە پێغەمبەران بە هۆی ئەوەی نارەحەتی زۆرتریان كێشاوە لە پێناو بانگەوازەكەیان دا پلەیان لە پێشترە بۆیە پێیان دەوترێت (أولو العزم) هەندێكیان پەروەردگار كردونی بە زۆر نزیك و خەلیل و خۆشەویستی خۆی، هەندێكیا گفتوگۆی لەگەڵ كردووە وەك حەزرەتی موسا، وە پلەی هەندێكی لە هەندێكی بەرزتر كردووەتەوە. وەك زانای تەفسیرزان قورتوبی دەفەرموێت (( و لذلك منهم رسل وأولو عزم، و منهم من اتخذ خليلا و منهم من كلم الله، و رفع بعضهم درجات)) واتا : (بۆیە هەیانە ئولولعزمە و هەیانە خەلیلی خودایە و هەیە كلم الله یە ، هەندێكیان لەوانی دیكە فەزلیان زیاتر لەگەڵ كراوە )) ، قال الله تعالي (( وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعْضٍ , وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا)) وقال (( تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ))




٢- یاخود نەهی كردنی پێغەمبەری خوا لە فەزڵدانێكە لە خۆوە بێت و بە ئارەزوو و بێ پشت بەستن بە بەڵگە و دەلیل نەك فەزڵدانێك كە بە بەڵگەوە بێت لە ژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت.

٣- یاخود فەزڵدانێك قەدەغەی لێ كراوە كە كێشە و ناكۆكی لێ پەیدا بێت هەروەكو لە ڕوودا و هۆكاری فەرموودەكەی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەردەكەوێت. ( عن أبي هريرة رضي الله عنه، قال: بينما يهودي يعرض سلعته، أعطي بها شيئا كرهه، فقال: لا والذي اصطفى موسى على البشر، فسمعه رجل من الأنصار، فقام فلطم وجهه، وقال: تقول: والذي اصطفى موسى على البشر، والنبي صلى الله عليه وسلم بين أظهرنا؟ فذهب إليه فقال: أبا القاسم، إن لي ذمة وعهدا، فما بال فلان لطم وجهي، فقال: «لم لطمت وجهه» فذكره، فغضب النبي صلى الله عليه وسلم حتى رئي في وجهه، ثم قال: " لا تفضلوا بين أنبياء الله، فإنه ينفخ في الصور، فيصعق من في السموات ومن في الأرض، إلا من شاء الله، ثم ينفخ فيه أخرى، فأكون أول من بعث، فإذا موسى آخذ بالعرش، فلا أدري أحوسب بصعقته يوم الطورأم بحثت قلبي، ) واتا (لە ئەبی هورەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی : كاتێك یەهودیەك كالاَكەی پیشان دەدا بۆ فرۆشتن ، شتێكیان پێ دا كە ڕقی لێ دەبوویەوە ، ووتی : نا سوێند بەوەی موسی ی هەڵبژاردوە لە نێوان مرۆڤەكان ، پیاوێكی ئەنساری گوێی لەمە بوو ، هەڵساو لە دەموچاوی كابرای دا ، فەرمووی : تۆ دەڵێی ئەوەی كە موسی ی هەڵبژاردوە ، لەكاتێكدا پێغەمبەر لە نێوانماندایە ؟ نەسرانیەكە چوویە لای و ووتی : ئەی ابا القاسم ، من عەهدێكم و زمەتێكم هەیە ، ئەی بۆ فلان لە دەمو چاوی دام ، پێغەمبەر فەرمووی : بۆچی لە دەم و چاویت دا ؟ سەحابەكە باسی كرد، پێغەمبەر تورە بوو هەتا لە ڕووی موبارەكی بە دیار كەوت ، پاشان فەرمووی : هیچ فەزڵێك لە نێوان پێغمبەرانی خودا مەكەن ، لەو كاتەی كە نەفخی سور لێ دەدات ، هەرچی لە ئەرز و ئاسمان هەیە دەمرێت ، ئیلا ئەوەی خوای گەورە بیەوێت ، پاشان فوێكی تری پێدا دەكات ، من یەكەم كەس دەبم زیندوو دەكرێمەوە ، لەو كاتەدا موسی لەلای عەرشی گرتوە )



٤- یاخود فەزڵدان لە خودی پێغەمبەربووندا قەدەغەی لێ کراوە چونکە بێگومان پێغەمبەران لە خودی پێغەمبەرایەتی دا جیاوازیان لە کەمالیات و تایبەتمەندیەکانە. حافزی عەسقەلانی لە فتح الباری دا پوختەی بۆچونی زانایانی لەم باسەدا هێناوە و دەفەرموێت (قال العلماء في نهيه صلى الله عليه وسلم عن التفضيل بين الأنبياء : إنما نهي عن ذلك من يقوله برأيه لا من يقوله بدليل أو من يقوله بحيث يؤدي إلي تنقيص المفضول أو يؤدي إلي الخصومة والتنازع ، أو المراد لا تفضلوا بجميع أنواع الفضائل بحيث لا يترك للمفضول فضيلة ، فالإمام مثلا إذا قلنا إنه أفضل من المؤذن لا يستلزم نقص فضيلة المؤذن بالنسبة إلي الأذان ، وقيل : النهي عن التفضيل إنما هو في حق النبوة نفسها كقوله تعالي : لا نفرق بين أحد من رسله ولم ينه عن تفضيل بعض الذوات علي بعض لقوله :تلك الرسل فضلنا بعضهم علي بعض . وقال الحليميالأخبار الواردة في النهي عن التخيير إنما هي في مجادلة أهل الكتاب وتفضيل بعض الأنبياء علي بعض بالمخايرة ، لأن المخايرة إذا وقعت بين أهل دينين لا يؤمن أن يخرج أحدهما إلي ازدراء بالآخر فيفضي إلي الكفر ، فأما إذا كان التخيير مستندا إلي مقابلة الفضائل لتحصيل الرجحان فلا يدخل في النهي) واتا : (زایان فەرموویانە دەربارەی نەهیەکەی لە گەورەیی دان لە نێوان پێغەمبەران ، نەهیەکە دەربارەی ئەو کەسانەیە کە فەزڵ و گەورەی بە قسەی خۆیانەوە دەڵێن ، نەك بە بەڵگەوە یان نە ئەو کەسەی کە ئەوەی فەزڵیشی بەسەر داوە هیچ فەزڵێکی بۆ نەهێڵێتەوە ، ئەگەر ئێمە بڵێین ئیمام گەورەترە لە بانگ بێژ ، ئەوا ئەوەی لێوە نایەت کە بانگ بێژ فەزڵ و گەورەیی نیە بە بانگدانەکەی ، هەندێکی تر لە زانایان دەفەرموون : نەهیەکە لە خودی پێغەمبەرایەتیەکەیە وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرمووێ : ئێمە هیچ جیاوازیەك ناکەین لە نێوان پێغەمبەران ، نەهی نەکردوە لە نێوان گەورەی هەندێك زات لەگەڵ زاتێکی تردا ، لەبەر ئایەتی : ئەو پێغەمبەرانە هەندێکمان گەورەتر کردوە لە هەندێکیان ، حلیمی فەرمووی : ئەو نەهیەی کە هاتوە لە کاتێکدا بووە کە موناقەشە لەگەڵ ئەهلی کتاب دەکرا ، وە فەزڵ دانی هەندێك لە پێغەمبەران بەسەر هەندێکی بە هەڵبژاردن دەبێ ، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ئەگەر ڕوو بدات لە نێوان دوو ئاینی جیاواز ئەوا باوەڕ ناکرێ کە یەکێکیان بەکەم زانین بە ئەوەی تر نەکات ئەوە سەر دەکێشێ بەرە و کوفر ، بەلام ئەگەر هەڵبژاردنەکە پشتی بەستبوو بە بەرامبەری گەورەیی بۆ دەستەبەر بوونی یەکێك لەیەکێك گەورەترە ئەوا نەهیەکە نایگرێتەوە ) .

وە پێشەوا قورتبی پاش باس کردنی ڕای جیاوازی زانایان لەم باسەدا ئەم بۆچوونەی لا بەهێزترە کە دەفەرموێت فەزڵدان لە خودی پێغەمبەربووندا قەدەغەی لێکراوە. چونکە بێگومان پێغەمبەران لە خودی پێغەمبەرایەتی دا یەکسانن کە دەفەرموێت (قلت: وأحسن من هذا قول من قال: إن المنع من التفضيل إنما هو من جهة النبوة التي هي خصلة واحدة لا تفاضل فيها، وإنما التفضيل في زيادة الأحوال والخصوص والكرامات والألطاف والمعجزات



المتباينات، وأما النبوة في نفسها فلا تتفاضل وإنما تتفاضل بأمور أخر زائدة عليها، ولذلك منهم رسل وأولو عزم، ومنهم من اتخذ خليلا، ومنهم من كلم اللهورفع بعضهم درجات، قال الله تعالى:" ولقد فضلنا بعض النبيين على بعض وآتينا داود زبورا «1» " وقال:" تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض". قلت: وهذا قول حسن، فإنه جمع بين الآي والأحاديث من غير نسخ، والقول بتفضيل بعضهم على بعض إنما هو بما منح من الفضائل وأعطي من الوسائل، وقد أشار ابن عباس إلى هذا فقال: إن الله فضل محمدا على الأنبياء وعلى أهل السماء، فقالوا: بم يا ابن عباس فضله على أهل السماء؟ فقال: إن الله تعالى قال:" ومن يقل منهم إني إله من دونه فذلك نجزيه جهنم كذلك نجزي الظالمين «2» ) واتا : (دەڵێم ، چاکتر لەم ووتەیە ووتەی ئەو کەسانەیە کە ئەفەرموون : ڕێگری کردن لە گەورەیی دان لە نێوان پێغەمبەران لە جیهەتی نبوەتەوە یەکێکە و هیچ گەورەییەك لە نێوانیان دا نیە ، بەڵکو گەورەییەکە لە زیاد بوونی تایبەتمەندی و ڕێز و لوتف و موعجیزەکان و ڕونکردنەوەکانیانە ، بەلام لە خودی پێغمبەرایەتی دا هیچ فەزڵ و گەورەی دانێك لە نێوانیان دا نیە ، بەڵکو فەزڵ و گەورەییەکە بە هۆی شتی ترەوەیە کە زیاد ئەبێت لەسەری ، هەر بۆیە هەیانە پێغەمبەرانێکی ئولولعەزمن ، وەهەیانە کراوەتە خەلیل ، هەشیانە کلیم الله یە. وە هەندێکیش پلەی بەرز کراوەتەوە ، خوای گەورەی فەرمووی : ئێمە فەزڵی هەندێك پێغەمبەرمان بەسەر هەندێکی تردا داوە ، وە زەبوورمان بە داود بەخشیوە ، وە فەرموویەتی : ئەو پێغەمبەرانە هەندێکمان گەورەتر کردوە لە هەندێك ، دەڵێم : ئەم ووتەیە چاکە ، ئایەتەکە و فەرموودەکانی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی نەسخیان بکات ، وە ووتەکە بە فەزڵدانی هەندێکیان بەسەر هەندێکیانا ئەوە بەو شتانەیە کە خوای گەورە بە هەندێکیانی بەخشیوە لە فەزڵ و هۆکارەکانی ، حەزرەتی ابن عەباس ئاماژەی بەو تەفسیرە کردوە فەرموویەتی : خوای گەورە فەزڵی بە پێغەمبەر داوە لەسەر پێغەمبەران و ئەهلی ئاسماندا ، فەرموویان بەچی ئەی ابن عباس فەزڵی بەسەر ئەهلی ئاسمان داوە ؟ فەرمووی : خوای گەورە دەفەرمووێت : هەرکەسێك لەوانە بڵێت من خودام جگە لە الله ، ئەوا ئێمە سزای جەهەنەمی ئەدەین ، ئێمە وا سزای زاڵمەکان دەدەین . وە هەروەها لە چەند فەرموودەی صحیح دا پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی من گەورەی هەموو نەوەی ئادەمم. عن ابی هریره قال رسول الله صل الله علیه وسلم ( أنا سید ولد ادم یوم القیامه. و أول من ینشق عنه القبر. و أول شافع و أول مشفع) کەواتە فەرموودەکانی پێشوو کە نەهی دەکرد لە فەزڵدان پێش ئەوە بووە کە خوای پەروەردگار ئاگاداری کردۆتەوە لەوەی گەورەی هەموو نەوەی ئادەمە. کەواتە ئەو فەرموودانە نەسخ بوونەتەوە. یاخود پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەبەر تواچع و خۆ دەرنەخستن بوو.



# لە گوڵستانی عاریفانەوە

## هەروا بەردەوامین لە ڕێگاکەمان و دەرگای سێیەم بەرەو ڕوومان هات ئەمیش دەرگای " خەڵوەت "ە .

خەڵوەت واتاکەی ژیانی تەنهاییە و لە هەندێ پێناسەی دیکەی بەمانای بەسەربردنی کات لە خزمەت عیبادەت و خواپەرستی دا . تاکو ئەو ڕەوشتە خراپانەی بەسەر نەفس و دل داهاتوون هەموویان پاڵفتە بکا و وەدەریان بنێت . لە ڕێبازی پێغەمبەران ( علیه الصلاه و السلام ) ئەم قۆناغە بڕدراوە و هەندێك بە چلەی ناودەبەن وەکو قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە و بۆمان دەست نیشان دەکات کە حەزرەتی موسا کردوویەتی (وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً) البقرة ٥١ پاشان حەزرەتی خۆشەویستمان (صل الله علیه وسلم ) پێش بونە پێغەمبەر بوونی لە کێوی حەرا بۆماوەی چل شەو ماوەتەوە و خەلوەتی کردووە بۆ دۆزینەوەی ڕازی دڵ و هۆی بە ژیان بوونی ئەو و دروستکەری ئەم کەون و گەردوونە . ( موطأ ، صفات النبي ٢٧ )( ابن أبي شيبة ، ٦ / ٣٤٠ )گرنگی خەڵوەت لەوەدایە کە دەبێتە لغاوکردنی ئارەزووەکان و خۆشیە جەستەیەکان و شاباڵگرتن بەو ڕۆحەی کە تاسەمەندی دیداری ئەوە ، وا ئەکات هەرگیز دڵ ڕوو لە ئەغیار نەکات و بەبێ گوێدانە شەو و ڕۆژ هەمیشە ئامادەیی ڕووتێکردنی ئیلاهی دەبێت ، دڵ و ڕۆح هەردەم چاوەڕێی شەپۆلەکانی موحیبەت بن و لەگەڵیانا بەرەو کەناری ئارامی دەڕۆن ، لەهەمان کات ترسی لەدەستچوونی ئەو یارە دڵ دەتاسێنێ و هەمیشە لەحاڵەتی ئامادەباشی دەبێت لە هەر کارێکی ناپەسەند و ڕەنجانی حەزرەتی دڵدار . پێویستی خەلوەت لەوەدایە سەرەتا بڕیار بدەی کە ئیدی گۆڕانکاری ڕوودەدات لەو خەلوەتەدا و ئامادەسازی بکەی و خۆت بەدوور بگری لە نەفس و حەزەکانی ، هەروەکو حەزرەتی عوسمانی مەغریبی دەڵێت : هەر کەس خەڵوەتی هەڵبژارد پێویستە لە هەموو یادێك خاڵی بووبێتەوە جگە لە یادی ئەو ، لە هەرچی ویستە خاڵی بێتەوە جگە لە ڕازی بوونی حەق ، لە هەر شتێك خاڵی بوبێتەوە کە نەفس داوای دەکات ، گەر لەو سیفەتانەی گوتم داینەڕنی ئەوا توشی فیتنە دەبێتەوە . بۆ سالیکانی ڕێگای عاریفان خەلوەت واجبێکە چون وەکو حەزرەتی مەولانا گوتەنی : خەڵوەت پێویستە بەرامبەر ئەغیار و دوژمن بێت نەوەك لە ئاستی یاردا ، چاکەتیش بۆ زستان پێویستە نەوەك لەبەهاردا . مادام مەبەست لە خەڵوەت خاوێنکردنەوەی دڵە لە دوژمن و هاوسەفەرە لەگەڵ حەزرەتی یار ، کەواتە ئەو ڕۆحانەی کە لەناو خەڵکدا لەگەڵ پەروەردگار دان ، لە گشت کار و کردارێکی دونیای تەنها ڕووی خۆیان بڕیوەتە تەوحید و یەکتای پەروەردگار ئەوا بێگومان لەگەڵ خەلوەتکاران هەژمار دەکرێن . خەلوەت ڕێگایەکە بۆ دوور کەوتنەوە لە خەڵکی خراپ هەروەکو حەزرەتی شیبلی دەیوت : خەلکینە، مایە پوچی، مایەپوچی. گوتیان ئەی شیبلی نیشانەی مایەپوچی چیە ؟




گوتی : لە نیشانەی مایەپوچی هۆگر بونە بە خەڵکیەوە . بەڵێ ئازیزان ئەمڕۆ ئیدی لەگەڵ خەڵك دا مایەپوچی بەدەست دەکەوێت و گەرلەگەڵیان بین ئەوا ڕێگای دونیا وەکو ئەوان دەگرینە بەر ، دەڵێن کەسیك هاتە لای شوعەیبی کوڕی حەرب و گوتی : هاتووم لەگەڵت بەشداری خەڵوەت بکەم ؟ شوعەیب گوتی : ئەی براکەم ، عیبادەت بە شەریکی ناکرێت ، تۆ ئەگەر هۆگری بە خودا پەیدا نەکەیت ، هۆگری بە هیچ شتیکی دیکە بەدەست ناهێنی . حەزرەتی جونەید دەڵیت : هەر کەس دەیەوێت دینەکەی سەلامەت بێت و جەستە و دڵی ئاسودە بێت با واز لە خەڵکی بهێنیت و لییان دورکەوێتەوە . چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی نامۆبوونە و کەسی ئاقڵ ئەوەیە تەنها بیت . کەواتە ئازیزەکەم حەزرەتی جونەید کە لەسەلەفی ئوممەتە و لەوسەردەمەیە کە خۆشەویست(صل الله علیه وسلم ) شایەدی باشی بۆداون ئینجا وا باس ئەکات ، ئەی ئەبێت لەسەردەمی ئەمڕۆمان چەندە پیویست بێت کە خەلوەت هەڵبژێرین و واز لە خەڵك بهێنین . ئەوەمان لەبیر نەچێت و دوبارە دەیڵێینەوە خەلوەت لە کەسە خراپەکان بکەن و واز لەوان بهێنن و لە کۆتایدا بە بەسەرهاتێکی حەزرەتی داود ( علیه الصلاه و السلام ) دەرگای سێهەم دەبڕین ، دەگێڕنەوە پەروەردگار بە حەزرەتی داودی فەرموو ( ئەی داود ، ئەوە چیتە وا لەخەڵك دادەبڕێیت و تەنیای هەڵدەبژێری ؟ حەزرەتی داود گوتی : لەبەر خاتری تۆ تەرکی خەڵکی دەکەم ئەی پەروەردگار . خودای گەورە لەوەڵاما فەرمووی : ئەی داود ، چاوکراوە بە لە هاوڕێ و براکانت دامەبڕێ ، بەڵام لەبیریشت نەچێت دوور بکەوە لەو کەسانەی کە دۆستایەتی کردنیان هیچ سودێکت پێناگەیەنێت . چاکترین خەڵوەت ئەوەیە وازبهێنی لەو کەسانەی کە بەبینینیان شەوقی ئیمان دڵت ڕاناچلەکێنیت و بینییان ئاسودەی ڕۆح و دڵ دەست ناخات .

سەرچاوەکان
( قورئانی پیرۆز - الرساله القشیریه
- احیاء العلوم الدین - حلیه الاولیاء
- طبقات الشافعیه الکبری - تەپۆلکە زومروتییەکانی دڵ



زامدار قادری

# بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی



## نموونەی کەسایەتی کاریگەر

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ، کاریگەری کەسایەتیە بەهێزەکان لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە بابەتێکی بەڵگە نەویستە ، کاریگەری لەسەر لایەنێك یان چەند لایەنێکی هەستیار بەپێی هێزو بۆ ڕەخسانی کەسیی و دەوروبەریی ئەو کەسایەتیە ، بۆیە لێدوان لەو بابەتەش هەردەم هەوادارانی خۆی هەبووە. وگەر سەرنج لە هەریەك لەو کەسایەتیە کاریگەرانە بدەین ، دەبینین کۆمەڵێك هۆکار لە پشتیانەوە بووە. بۆیە دۆزینەوەی ئەو هۆکارانە گرنگە بۆ کەسانێك کە بیانەوێت گۆڕانکاری لە خود و دەوروبەر بکەن ، بۆ گەشتن بە لوتکەی ئاواتەکان .

بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسی ، زاناو بیر ڕوناك وکۆڵنەدەری بەناوبانگ لە جیهان ، یەکێکە لە کەسایەتیە سەرکەوتووە کاریگەرەکان ، لەوانەیە باشترین بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستیە ، ئەو هەموو کۆنگرەو کۆنفرانس و لێدوانانە بێت ، کە لە زۆر لاوە هەفتانە و مانگانە و سالآنە بۆ لێدوان لەم زانایەو بەرهەمەکەی ( پەیامەکانی نوور ) دەکرێت . زیادەڕەوی نیە گەر بڵێین : کەمن ئەو کتێبانەی کە وەك (پەیامەکانی نوور) خوێنەری بەردەوامی هەبێت ـ بە کۆمەڵ و بە تاك ـ لە زۆر لای جیهان . بۆیە گەڕان بەدوای هۆکارەکانی کاریگەریی و سەرکەوتن و بەهێزی لای بەدیعوززەمان بە سوودە ، ودەرگایەك دەبێت بۆ تێگەشتنی زیاتر لەخۆی و بیر و پەیامەکەی ، کە پەیامی پۆزەتیفە بۆ تێگەشتن و پێگەشتن . بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێت کە ئەم هۆکارانە ناتوانێت مافی تەواوەتی بدات بە بابەتەکە ، بەڵکو گرنگترینیانە بە بۆچونی نووسەر . کەواتە گرنگترین ئەو خالآنەی کە بۆتە هۆی ئەوەی بەدیعوززەمان کەسایەتیەکی کاریگەری هەبێت ، بریتییە لە :

١.ئەو گرنگیە زۆرەی لە سەرەتای تەمەن و سەرهەڵدانیەوە داویەتی بە فێربوون و زانستەکان ، لە زانستە باوەکانی عەقڵی و نەقڵی و زانست گەلێکی تری کەمتر بڵاو ، وەك : مێژوو جوگرافیاو فیزیا وکیمیا وجیۆلۆجیا و بیرکاری و.... هتد ، تەنانەت ئەم گرنگیە تا دوا ساتەکانی تەمەنی بەردەوام بووە و زیاد لە (٩٠) دەقی جیاوازی زانستیی لە کتێبە هەمەجۆرە عەقڵی و نەقڵیەکان لەبەر بووە ، و کاتی بۆ بە بیر هێنانەوە و پێداچونەوەی تەرخان کردووە.

٢.ئەو بیر کراوەیی و ڕوناك بیریەی کە هەیبوە لە لەبەر کردن وپاراستن و لێکدانەوەی بیستراوەکان لە زیهنیدا. تەنانەت نازناوی ( بدیع الزمان ) کە بە واتەی هەڵکەوتەی زەمانەیە ومامۆستا مەلا فەتحوڵڵای مامۆستای لە شاری سێرت (سعرت) ی کوردستانی باکوور لێیناوە ، سەرچاوەی لەو بیر تیژیەوە وەرگرتووە، ودەرخەری ئەو پلەیە لە زمانی مامۆستاکەی.

٣.بێ باکی لە دونیاو پلەو پایەی دونیەوی و کۆنەکردنەوەی سەروەت و سامان و گوێ نەدان بە دەوردانی خەڵك و کۆکردنەوەیان لە چواردەوری خۆی ، کە ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ بانگەواز کارانی هەر بیر و باوەڕێك بێت ، ئایینی بێت یان نا. تەنانەت مامۆستا نوورسی هەرگیز پێی خۆش نەبوە کەسانێك بێن بە تایبەتی بۆ بینینی ئەو ، و فەرمویەتی : خوێندنەوەی پەیامەکان لە بینینی من گەلێ گرنگترە. بۆیە دەبینین لە پاش وەفاتی ، ئەوەی لێی بە جێماوە چەند شتومەك و جلو بەرگێکە کە باوەڕم وایە هەژارەکانی زۆر وولآت لەوەیان زیاتر هەیە وئێستەش پارێزگاری لێکراوە لە شاری ( ئیسپارتە) لە باشوری خۆرئاوای ولآتی تورکیا. تەنانەت لە ژیانیدا چەندین جار پلە و پایەی بالآی خراوەتە بەردەم بە دەسکەوتی زۆرەوە، بەڵام رەتی کردۆتەوە ، لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوە زەرەر لە بیرو بۆچونەکانی دەدات . تەنانەت زۆر سەرسوڕهێنەرە گەر بڵێین :

تەنانەت ناوبانگ وپلەو پایەی بۆ دوای مردنیشی نەویستووەو پێی شاد نەبوە ، ئەوەتە وەسیەتی کردووە گۆڕەکەی لە جێگەیەك بێت کەس نەزانێت گۆڕی ئەوە ، تەنها یەك دوو لە قوتابیانی نەبێت ، بۆیە ئێستە ئەو ئاواتەی بەدی هاتووە و چەند کەسێکی زۆر کەم نەبێت نازانن گۆڕی بەتەواوی لە کوێیە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە نەوەك هەڵسوکەوت ونیەتی نەشیاوی زیارەتکاران زەرەر لە پەیامەکانی نوور و ئیخلاصی ئەو پەیامانە بدات و خەڵك سڵ بکەنەوە لێی. بەڵکو ڕێگە نادات پەیامەکانی نوور وەك وەسیلەو هۆکار بەکار بێت بۆ دەستکەوتنی دونیا وئەم کارە زەرەر لە دڵسۆزی و ئیخلاص دەدات. وتەنانەت بیرو ڕای مامۆستا وایە کە : ئەو هەموو ساڵە لە نارەحەتی و سجن و ئەزیەت دان و محکەمە کردن ودوور خستنەوە و ژەهر دەرخوارددان و ... هتد ، کەزیاد لە **28** ساڵ بەردەوامی هەبوە ، بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بەسەرا ساغ بێتەوەو تاوان بار بێت ، هۆکاری ئەوەیە کە نابێت دیین و ئایین بەکار بهێنێت تەنانەت بۆ بەرز بوونەوەو پلەو پایەی قیامەتیش چ جای دونیا. بە ڵکو تەنها دەبێت چاوی لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا و هەوڵ و کۆشش بکات بۆ خزمەتی ئیمان( الملاحق ، **349_350** )، ووەك عاریفان دەڵێن : بۆ خۆشەویستی و ڕەزای خودا کار دەکەین نەك بۆبەهەشت و لەترسی دۆزەخ. ئەم دونیا نەویستیە تەنانەت لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ سەرکەوتن و سەرداریی کەسانێك ، هەرچەندە خاوەنی هەر دین و بیرێك بن ، و وەك سوننەتێکی دانراو بۆ ژیان سەرکەوتن هاودەمی ئەو کەسانەیە.

٤. نەبوونی دەمارگیری ( تعصب) تەنانەت بۆ حەق و ڕاستی ، چونکە دەمارگیری بریتیە لە : بوونی ئارەزوویەکی تێکەڵ ونادروست بۆ سەرخستنی بیرێك یان



ڕێچکەیەکی دیاری کراو ، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ تۆکمەیی و جێگیری و دامەزراوەیی لەبیرو ڕادا ، وەك مامۆستا خۆی ئاماژەی پێداوە( صیقل الاسلام ، المناظرات ،**430**). مامۆستا دامەزراوو تۆکمە و جێگیر بوو لەسەر بیر و باوەڕی خۆی ، بەڵام دەمارگیر نەبوو، تەنانەت دەفەرموێت : با دڵتان کراوە نەبێت بۆ هەموو قسەیەك ، تەنانەت ئەو قسانەی من پێتان دەڵێم یەکسەر دڵی بۆ مەکەنەوە ، بە ڵکو ڕای بگرن وبە عەقڵو هۆشدا بیبەن و پاشتر بیخەنە دڵەوە. هەروەها دەفەرموێت : نا بێت بوترێت تەنها حەق لای منە ، بەڵکو بڵێ من حەقم لە لایە ، یان من حەقترم. جێی ئاماژەیە مامۆستا نوورسی ئەم قسانەی لە کاتێکدا کردووە کە لە هەموو ووتەکانی خۆی زۆر دڵنیا بووە، و وەك خۆی دەڵێت: ئەوەی من نوسیومە کەسی پێ ناخڵەتێنم ، ودڵنیام بە تەواوی لێیان ، ویان علم الیقین یان عین الیقینم تیایدا هەیە. بۆیە پاش ئەم ووتانە بنچینەیەکی بۆ خوێنەرانی داناوە و دەڵێت : ئەوەی دڵت بە ڕوونی دەزانێت ولێڵ نیە لای ، ئەوە وەریبگرە ، و واز بهێنە لەوەی لەبەر دڵتدا لێڵە و دڵت لێی کرمێیە.

بۆیە بەرامبەر پەیامەکانی نوور گرنگە ئەوە بزانرێت کە هەرگیز نایەوێت واز بهێنیت لە بیرورا پەسەندەکانی پێشووت ، و پەشیمان بێت لێی ، ئەوجا بێیتە ناو ئەم بازنە ، بەڵکو بازنەی پەیامەکان کراوەیە، و لێت ناپرسێ خەڵکی کوێیت ؟ و زمانت چییە ؟ وبیرو ڕات لەگەڵ کام حیزب ولایەن وقوتابخانەیە؟ لەبەر ئەوەی کاری پەیامەکان کاری بنیاتنانە و بینای پێشووت لێ تێك نادات و داوای وازهێنانت لێ ناکات لە کردەوە دروستەکان. بەڵکو یارمەتیت دەدات کۆشکی باوەڕو متمانەت بەهێز بکەیت و کۆمەڵێك دەرس و وانەی ژیانت فێر دەکات کە لە کەم شوێن بەو شێوازە بیستراو بێت ، و ڕاستیەکانت بە شێوازێکی نەرم و نیان پێ دەسەلمێنێت ودواتر لێت دەگەڕێ خۆت خاوەنی هەڵبژاردە بیت و هیچ فەرز ناکات لەسەرت ، و بەکارت ناهێنێت بۆ کاروباری لایەنێکی دیاری کراو .

٥. خوێندنەوەیەکی دروست و ڕاست و واقعیانەی هەبووە بۆ دەوروبەر و ڕوداوەکان ، بە بیرێکی تیژ و واقع بینانە لێکدانەوەی کردووە بۆ ڕوداوەکان و نەیهێشتووە ناشیاوی دەوروبەرو کەسانی نا بەرپرس ، کار لە هێزو بیری بکات ، بازنەی ناگرنگ و گرنگ و گرنگتری هەردەم لەبەر چاو بووە و لە کایەکانی جیاوازی دینداری و دونیایشدا بەگەڕی خستووەو قوتابیەکانی لەسەر ڕاهێناوە . بۆیە دەبینین کاتی خۆی بەتەواوی تەرخان کردووە بۆ گرنگترین ، وپاشان بیری لە پلەکانی تر کردۆتەوە ، گەر دەرفەت لەبەر دەستدا هەبوبێت .

لە کۆتاییدا گرنگە ، ئەوە بزانین کە ئەم خاڵانە تەنها وەك نموونەیە ، و خوێندنەوەی قوڵتر و زیاتری پێویستە ، و ئاشنا بوون بە پەیامەکانی نوور زیاترو زیاتر ئەم کەسایەتیەمان پێ دەناسێنێت ، یان ڕاستر بڵێین مرۆڤ و مرۆڤایەتیمان پێ پیشان دەدات بە شێوەیەکی هاوچەرخ ، و کۆمەڵێکی زۆر ڕێوشوێنی دروستمان فێر دەکات بۆ ژیانمان ، بێ ئەوەی داوای هیچمان لێ بکات و بمانخاتە ناو هیچ بازنەیەك کەپەشیمان بین لێی .



**د. ئومێد نەجمەددین موفتی**



# ئایا خێری قورئان خوێندن بە مردوو دەگا ؟

**رایان لە دروستو نادروستی قورئان خوێندن لە سەر مردوو یان لەسەر قەبری مردوو، رایان لەسەر ئەوەی ئایا ئەو قورئان خوێندنەو خێرەکەی ئەگات بەو مردووە یان نا؟!**



زۆربەی زانایان لەوانە ئیمامی مالیك و شافیعی و ئیمامی ئەحمەدو فەتوای ناو مەزهەبی ئەبوحەنیفە رایان وایە کە قورئان خوێندن لەسەر مردوو یان لەسەر قەبری مردوو نەك هەر دروستە، بەڵکو خێری گەورەشی تێدایەو بەڵگە شەرعییەکانیش پشتی ئەم رایە ئەگرن‌و لەو بەڵگانە فەرمودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە ئەفەرموێ:: : من دخل المقابر فقرأ سوره (یس) خفف عنهم یومئذ وکان له بعدد من فیها حسنات). زانایان دوو بەڵگەی عەقڵی باس ئەکەن، یەکەمیان: قورئان بە بەرکەتەو لەهەر شوێنێکدا بخوێنرێ بەرەکەت ئەو شوێنە دائەگرێ. دووەمیان: قەبرستانیش شوێنێکە سەلامکردن و دوعاکردن و زیکرکردن تێیدا دروستە، بۆیە قورئان خوێندنیش بە هەمان شێوازە دروستەو ئەم رایەش لە رووی بەڵگەو زۆری ئەو زانا موعتەبەرانەی پشتیوانی لێ دەکەن رایەکی بەهێزە. سەبارەت بەووش ئایا خێری قورئان خوێندن ئەگاتە مردوو یان نا؟! زانایانی ئیسلامی دوو رایان هەیە: یەکەمیان: پێی ناگات. دووەمیان: پێی ئەگات. ئیمامی شافیعی (بەرەحمەت بێت) خۆی‌و کۆمەڵێکی زۆریش لە قوتابییەکانی رایان وایە کە خێری قورئان خوێندن ناگاتە هیچ مردوویەك‌و بۆ ئەم فەتوایەشیان پشت بە چەند بەڵگەیەك ئەبەستن لە قورئان و لە فەرمودە.. لەوانە: خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ (النجم: 39) واتە: هیچ شتێك چنگی مرۆڤ ناکەوێ ئەوە نەبێت خۆی ئەیکات‌و قورئان خوێندنەکەش شتێك نییە مردووەکە خۆی بیکات بۆیە پێی ناگات. ئەو فەرمودەیەش ئەکەنە بەڵگە کە ئەفەرموێ: اذا مات ابن آدم انقطع عمله الا من ثلاث صدقة جاریة أو علم ینتفع به او ولد صالح یدعو له). ئیمامی شیرازي دانەري (المهذب) كە ئیمامي نەوەوي شەرحي لەسەر كردووە بە كتێبي (المجموع) ئەفەرمووێ: (ولا یلحق المیت مما یفعل عنه بعد موته بغیر اذنه الا دین یقضي عنه أو صدقة یتصدق بها عنه او دعاء یدعي له.. واما ما سوي ذلك من الثواب كقراءة القرآن وغیرها فلا یلحق المیت لما روي أبوهریرة (رضي الله عنه) أن النبي (صلي الله علیه وآله وسلم) قال: اذا مات ابن آدم انقطع عمله الا من ثلاث صدقة جاریة أو علم ینتفع به او ولد صالح یدعو له). بەڵام رای زۆربەی زانایان پێچەوانەی ئەم رایەی ئیمامی شافعی و قوتابییەکانێتی‌و ئەفەرموون: خێری قورئان خوێندن ئەگاتە کەسی مردوو .. ئەم رایەش رای ئیمامی مالیك‌و ئەبوحەنیفەو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و هەندێ قوتابی مەزهەبی شافیعی‌و ئیبن حەزمی زاهیری و حەنیەلییەکان‌و ئیمامی نەوەویش ئەم رایەی پێ پەسەندە و تەنانەت ئیبن قودامە ئیجماعی زانایانی ئیسلامی لەوەدا ئەبینێ کە لەسەر ئەم رایەن. ئەم زانایانەش بەڵگەیەکی زۆر دێننەوە بۆ راکەیان لە فەرمودە شیرینەکانی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم)، لەوانە:

**1**- دایکمان عائیشە (رەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێ: کابرایەك هاتە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا دایکم گیانی سپاردو قەناعەتم وایە ئەگەر بیتوانیایە قسە بکات ئەوە خێری باشی ئەکرد، من ئەگەر خێری بۆ بکەم پێی ئەگات؟ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: بەڵێ. (متفق علیه).

2ـ حەسەنی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە ـ کە سەرۆکی هۆزی خەزرەج بوو ـ بە پێغەمبەری وت کاتێك کە دایکی مرد، ئەی پێغەمبەری خوا ئەکری خێر لە جیاتی دایکمان بکەم بۆی؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: کام خێرە گەورەیە؟ فەرمووی: ئاودێری. جا حەسەن ئەڵێ: ئەو کانیو ئاوانەی کە ئەمرۆ خەڵکی ئاوی لێهەڵدەگرنەوە هەمووی هی بنەماڵەی سەعدە لە مەدینەدا.. ئەم فەرمودەیە ئیمامی ئەحمەدو نەسائی ریوایەتی دەکەن. ئیمامی گحاوی لە ""العقيدة الطحاوية"دا ئەفەرمووێ: (وفي دعاء الأحياء وصدقاتهم منفعة للأموات) .. راڤەکەری ئەم عەقیدەیەش کە "ئەبی العز الدمشقي"یە، راڤەیەکی زۆرو درێژی ئەو "دەق"ە ئەکات و قسەی ئەوانە بەبەڵگەوە رەت ئەکاتەوە کە ئەڵێن خێرو قورئان خوێندن ناگاتە مردوو لەو سێ رێگیەوە نەبێت، کە فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە باسی کردووە، بۆ نموونە ئەفەرمووی: "چ قورئانو چ حەدیس و چ ئیجماع و قیاسی صحیحیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مردوو کەڵك وەرئەگرێت لەو خێرانەی بۆی ئەکرێت با خۆشی (سبب) نەبووبێت تێیدا". و پاشان بە درێژی ئایەتەکانو حەدیسەکان و ئیجماع و قیاسە صەحیحەکانیش باس ئەکاتو وەڵامی ئەوانەش ئەداتەوە کە بەڵگەی دژ بەمانە باس ئەکەن.. تا ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەفەرموێ: "واما قراءة القرآن وإهدائها للميت تطوعا بغير أجرة فهذا يصل اليه كما يصل ثواب الصوم والحج". لەمانەوە دەردەکەوێت کە قسەی راستو گونجاو ئەوەیە کە مردوو خێری قورئان خوێندنی پێ ئەگاتو هیچ جیاوازی نییە لەوەدا کە خێری (حەج)و (رۆژوو) و (قەرز)و (قوربانی)و (دوعا بۆ کردن) ی پێ بگات، کە هەموویان حەدیسی (صحیح) یان (حسن)یان لەسەر هاتووە، بەڵام خێری قورئان خوێندن بۆی یان لەسەر قەبرەکەیی پێی نەگات! بەڵام زانایانی ئیسلامی چەند مەرجێکیان بۆ ئەم خێر پێ گەشتنە دانەناوە لەوانە:

1ـ مردووەکە خۆی وەسیەت بکات، کە ئەمە قسەی (شیرازی)و (ئیبن حەزم)و جگە لەوانیشە.

2ـ دواى قورئان خوێندنەکە بڵێ: خوایە خێری ئەم قورئان خوێندنە بگەیەنە فلانو فلان بۆ نموونە.. کە ئەمەش قسەی یەکێکی وەکو (نەوەوی) و هەندێ لە (مالیکییەکانە) .. (نەوەوی) ئەفەرموی: والاختيار أن يقول القارىو بعد فراغه: اللهم أوصل ثواب ما قرأته الى فلان).. مالیکییەکان وا ئەفەرموون: (ئەگەر هەر کەسێك ئەیەوێت بەرەکەتی قورئان و خێرەکەی بگاتە مردوو بێ ئەوەی خیلافی لەسەر دروست ببێت با کارەکە وەك دوعا لێ بکاتو بڵێ: ( اللهم أوصل سواب ما أقرأه لفلان أو قرأته)، ئیتر ئەو کاتە مردووەکە خێری قورئان خوێندنەکەی دەست ئەکەوێت و قورئان خوێنەکەش خێری دوعاکەی دەست ئەکەوێت.

3ـ ئەبێ بەبێ کرێ قورئانەکە بخوێنێ ، بخوێنێ، نەك بە کرێو پارە بۆ برینەوە. وەك لە پێشەوە باسمان کرد.



ئیکرام کەریم


# ئافرەت و بالاپۆشی

پۆشاکی ئافرەت حیجاب ، ئەو پۆشاکە شەرعیەیە کە لەشی ئافرەت دادەپۆشێت و ئەبێتە شورە و قەلایەکی پتەو ، کە خوای بالا دەست و کاربەجێ بۆ پاراستنی کەرامەتی ئافرەتی ئیماندار داناوە ، بە شێوەیەکی پۆلایین و بەهێز بۆ پاراستن و ڕاگرتنی کۆمەڵگا ، لە هەموو خراپە و داوێن پیسیەك ، هەروەها خوای گەورە بالاپۆشی لەسەر ئافرەتی مسولمان واجب کردووە لە ڕێی قورئان و سوننەتەوە بۆی روون کردوینەوە کە دەفەرموویت : (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ , ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ , وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ) واتە : ئەی خۆشەویستی خوا بە خێزان و کچە بەڕێزەکانت و ئافرەتانی مسولمان بڵێ کە خۆیان دا بپۆشن . لە ئایەتێکی کەدا دەفەرموویت : (وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا , وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ , وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ ) واتە : ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ کە چاوی خۆیان بپارێزن ، لە کەسی نامەحرەم و عەورەتیان بپارێزن لە داوێن پیسی لە ڕێگەی شەرعیەوە نەبێت ، با جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن مەگەر ئەوە نەبێت کە بۆ پێویستی دەردەکەوێت ، کە زانایان فەرموویانە دەم و چاو و هەردوو دەستیان نەبێ تا مەچەك ، با جل و پۆشاکەکانیان بەسەر سنگ و گەردەنیان دا بەربدەنەوە ، بۆ ئەوەی جوانی و ڕازاوەیی خۆیان دەرنەخەن ... هەروەها پێغەمبەری خوا درود و سەلامی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت : (صنفان من أهل النار لم أرهما. قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس. ونساء كاسيات عاريات، مميلات مائلات، رؤسهن كأسنمة البخت المائلة، لا يدخلن الجنة، ولا يجدن ريحها. وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا ) دوو کۆمەڵە هەن ناچنە بەهەشتەوە یەکەمیان ئەو پیاوانەن کە قامچی یان کێبڵیان بەدەستەوەیە خەڵکی پێ ئازار دەدەن دووەمیان ئەو ئافرەتانەن کە جل و بەرگیان لەبەردایە ، بەلام ڕووتن ، واتە چەند شوێنێکیان بەدەرەوەیە ، واتە جلیان لەبەرە بەلام قولیان دیارە یاخود قاچیان دیارە یان جلیان لەبەردایە بەلام تەسك و تەنکە ئەندامەکانی لەشی دەردەخات ، بەڕێگاشدا دەڕوات بە لار و لەنجە و عیشووەوە ، بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان ڕاکێشن بۆ لای خۆیان ، قژیان وەك تۆپەڵ کۆ ئەکەنەوە لەسەر تەوقی سەریان ، ئەیکەن بە تۆپەڵ وەك و پشتی ووشتر ، فەرمووی ناچنە بەهەشت و بۆنی بەهەشت ناکەن کە بۆنی بەهەشت ساڵەهای ساڵ دەڕوات . ئەمانە و چەندین بەڵگەی تر لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون لەسەر واجب بوونی حیجابی ئافرەتان .

مەرجەکانی بالا پۆشی : بریتین لەو پۆشاکەی ئافرەت بشارێتەوە لە نامەحرەم ، ئیتر پۆشاکەکە بەپێی نەریتی ولاتان دەگۆڕدرێت بە مەرجێك لە سنوری شەرع دەرنەچێت زانایانی ئیسلامی لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت ) مەرجەکانی پۆشاکی ئیسلامیان کۆکردۆتەوە کە لە پێنج خاڵدا:

1_ هەموو لەشی دا بپۆشێت دەست و دەم و چاوی نەبێت .

2_ پۆشاکەکە لە زاتی خۆی دا جوانی نەبێت وەك ڕەنگاو ڕەنگی سەرنجڕاکێش (باق و بریق ) ، بەلام ڕێگری لەوەدا نیە کە ڕەش بێت یان سەوز بێت یان هەر ڕەنگێکی تر ، ئیمامیەیهەقی لە دایکی ئیمانداران عائیشە دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێك هاتە لای سەرپۆشەکەی سەوز بوو ، وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا لە سەکینە هاتووە





بئەفەرمووێ ( لەگەڵ باوکم چووینە لای حەزرەتی عائیشە کراسێکی سور و سەرپۆشێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو .

3_پۆشاکەکەلەشی‌ئافرەتەکەبەرجەستە نەکات وەك سنگ و هەموو جەستەی .

4_ جلەکە ئەوەندە تەنك نەبێت کە پێستەکەی ژێری دەربکەوێت .

5_ جلەکە نابێت تایبەت بێت بە دینی تایبەتەوە یان کەسانێکی کافر یان بەرەڵا یان تایبەت بێت بە پیاوانەوە . زیانەکانی نەکردنی حیجاب :

1_ حیساب نەکردن بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت )

2_ خۆ بێبەش کردن لە هەموو بەرەکەتی خوا ئەیرێژێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە گوێڕایەڵ ئەبن و ڕێز لە قسە و فرمانەکان ئەگرن .

3_ بێ حیجابی ئەبێتە فیتنە و هۆ بۆ کاولکردنی ماڵی خەڵکی تر .

4_ بێ حیجابی دەرگای گوناهەکانی تریش لە مرۆقەکان ئەکاتەوە ، ئەو دەرگایەش بە کراوەیی بمێنێتەوە بازاڕی گوناه لە لای ئەو کەسە هەر گەرم ئەبێت و مرۆڤیش بە کۆڵێ گوناهەوە بچێتە لای پەروەردگار ، ڕوو زەردی لای ئەو ئەبێت و خەجاڵەتی لای ئەو ئەبێت .

5_ ئافرەتی بێ حیجاب پلە پلە ڕقی لە دین هەڵدەستێت و لێی دوور دەکەوێتەوە ، چونکە ئەزانێ کە دین چۆن حیجابی فەرز کردوە و سنوری بۆ داناوە ، هەروەها سنوریشی بۆ نەزەر کردن و تێکەڵاوی داناوە ، و ئەتەکێتی تایبەتی بۆ پەیوەندی لە نێوان ئافرەت و پیاو داناوە ، مرۆڤی مسوڵمان ئەبێ پەیڕەوی ئەو ئەتەکێتانە بکات ، بێ حیجابی ئەبێتە هۆی بەزاندنی ئەم سنورە .

6_ بێ حیجابی یەکێکە لە زیانە گەورەکانی دەبێتە هۆی ناپاکی ، ناپاکی لە ئەمانەتی خوا کە پێیداوە ، بۆیە




حیجابی پێداوە تا جوانیەکەی تەنیا بۆ حەڵاڵی خۆی دەرخات کە چ سەپێچیەکی فەرمانەکانی خوای گەورە دەکات .

+ بۆچی خوای گەورە پۆشینی حیجابی واجب کردوە : خوای گەورە لە قورئان و لەڕێی پێغەمبەری خواوە ڕونکراوەتەوە کە پۆشاکی ئافرەت واجبە و پێویستە ئافرەتی بڕوادار فەرمانەکە جێ بەجێ بکەن ، زانایانی ئیسلام ئەوەیان دیاری نەکردوە کە پۆشاکی ئافرەت چۆن و چ جۆرێك بێت ، چونکە جیاوازی لە جۆر و نەریتی هەر گەل و نەتەوەیەك و باری ژینگە و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیان دا هەیە ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو پۆشاکانە هەموو ئەو مەرجە شەرعیانەی تێدا بێتە جێ ، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ، بەڵام بە گرنگی دەزانین تیشك بخەینە سەر ڕونکردنەوەی هۆکاری دیاریکرانی عەورەت و شەرمگای ئافرەت لە ئیسلامدا ، چونکە زۆرێك لە ئافرەتانی مسوڵمان ئەمڕۆ بە هۆی تێکەڵبونمان بە ڕۆشتبیری ڕۆژئاوایی ئاوێتە بوونمان لەگەڵ تەوژم و شەپۆلانەی جگە لە بیر و باوەڕ و ئاین و کەلە پور و مێژوومان هەڵدەقوڵێن، بۆیە ئافرەت لە پۆشینی جۆری پۆشاکەکانیان شێوازی ژیانی ڕۆژئاواییان هەڵبژاردوە و خۆیان داوەتە دەست ئەوان و تەسلیمیان بوون ، جل و بەرگی نەشیاو ئەوانی کردوە بە کۆیلەی خۆیای ، بۆیە ئافرەتان دەبن بە دوو بەش : بەشێکیان دڵیان بەتاڵە لە ئیمان




، هەروەها لە ناو خێزانێکدا پەروەردە بوون ، کە هیچ پەیوەندیان نیە بە یاسایی ئەخلاقی و ڕەوشتەکانی ئیسلام ، ئەمانە گاڵتە بە بنەما ئیسلامیەکان و بیر و باوەڕە فیتریە بەرزەکانی دەکەن ، سوکایەتی بە جل و بەرگەکە دەکەن ، کە ئیسلام لەسەر ئافرەتی فەرزو پێویست کردوە ، پێیان وایە ئەمە نیشانەی دواکەوتویی و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمە لەناو چوە کۆنەکان بە گومانی ئەوان ، دووەم : بەشێکی تری ئافرەتان جۆرە پەیوەندیەکیان هەیە بە ئیسلامەوە ، هەر چەندە ئەم پەیوەنیدە تەقلیدی و ڕوکەشی بێت ، ئەوان پەنا دەبەن بۆ لێکدانەوەی خراپ و ناپەسند و بانگەشەی زەرورەت دەکەن وا نیشان دەدەن ، کە ڕوخاون لەبەردەم هێز و توانستی ئەم شەپۆل و تەوژمانە ، کاتێك بۆیان باسی سنور و عەورەتی ئافرەت دەکرێ دەست بە جێ کەمتەرخەمی خۆیان نیشان دەدەن ، بەڵام ئەمە بێ هودەیە و هیچ سەر ئەنجامێکی یەك لاکەرەوەی نیە ، ئەگەر بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە بەم شێوە وەڵام دەدەینەوە : خوای گەورە بۆیە پۆشاکی لەسەر ئافرەت واجب کردوە ، چونکە ئافرەت خۆی مەخلوقێکی ناسکە ، وەکائینێکی سەیرە ئەتوانێت سەرنجی دەوروبەر ڕاکێشێت بۆ لای خۆی ، خوای گەورە ئەو هێزە کێشکردنەی هەر وا لەخۆڕا پێ نەبەخشیوە ، بەڵکو بۆ ئەوە پێی داوە تا لە ناز و خۆشەویستیدا گەشە بکات ، لانەیەکی نەرم و گەرم بۆ هاوسەر و منداڵەکانیشی ساز بکات ، بۆیە ئافرەتێك بیەوێت بە بەکارهێنانی ئەو کانیاوەی خوا پێیداوە لە جوانی و خوێنشیرینی و دڵخۆشی و کانیاوی عاتیفەی بکاتە مەرامێکی نا درووست ، خوای گەورە لێی زویر ئەبێت و بەرەکەتی خۆی لێ ئەگرێتەوە و ئەبداتە دەست ئارەزووەکانی خۆی و ڕووی لێ وە ئەچەرخێنێت ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ( و ليس الڑكر كالأنپى ) پیاوان وەکو ئافرەتان نین ، ئافرەت لە دەنگیدا لە ڕەنگی پێستیدا ، لە فۆڕمی دەرەوەیدا ، لە ناخ و دەرونیدا ، لە هەست و خولیا و خەیاڵیدا ، لە حەز و ئارەزووەکانیدا ، وەك پیاو نیە، هەر بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی واجب بوونی حیجاب بۆ ئەوەی جوانی و زینەتی ئافرەت بپارێزی لە کەسانی ئاست نزم ، بۆ ئەوەی ئافرەت بە پارێزراوی بمێنێتەوە ، تاوەکو داهاتووی ئافرەت بپارێزرێ ، لە پێش زەواج و دوای زەواج ، چونکە ئەو ئافرەتەی گوێ بە حیجاب نادات و خۆی جوانیەکەی خۆی دەردەخات بۆ نامەحرەم گریمانەی زۆری هەیە ، پیاو بخاتە داوی خۆی ڕەنگە ئەو پیاوە خێزاندار بێت کە نموونەی زۆر هەیە لەم جۆرە پیاوانە توشی شپرزەیی و کێشەی خێزانی هاتوون ، یاخود ئەبێتە هۆی هەلوەشاندنەوەی ئەو گرێ پیرۆزەی هاوسەرگیری کە ئەو پیاوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەیەتی ، ئەگەریش حالەت جیابونەوە ڕوو ئەدات ئەوەیان ئەو پەیوەندیە گەرم و گوڕەی جارانی نامێنێ به گریمانەیەکی زۆر پیاوەکە تووشی خیانەتی زەوجی دەبێت ، بەم شێوە لانەی گەرمی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی تێکدەدات و ئەوەش کارێکە لە داهاتوو تووشی خودی ئافرەتەکە دەبێتەوە کە بووە هۆی شپرزەیی خێزانێك کە ڕەنگە هاوسەرکەی ئەویش ئافرەتێکی لەو جوانتر ببینێت کە لەو جوانتر و گەنجتر بێت یا مەکر باز و فریودەرتر بێت ، هەر بۆیە پۆشاك بۆ ئافرەتان بۆ پاراستنی ئافرەتە لە ژیانیدا بۆ پاراستنی ئێستا و




**ڕێکان تەها**

# منداڵەکەت بپارێزە لەدەرەوەی ماڵ ...



هەروەك دەزانین منداڵ بوونەوەرێ ناسکە و زۆر بەدەوورو بەری کاریگەر دەبێت و هەمیشە هەوڵدەدات لێیانەوە فێرببێت بێ گومان دایك و باوك یەکەم مامۆستای ئەوانن هەموو هەوڵێکیان ئەوەییە لەوان بچن و کارهایەك بکات ئەوان ڕازی بکات ، دایك و باوك هەمیشە ناتوانن تەنانەت لەناو ماڵیشدا ئاگاداری هەموو ساتەکانی منداڵەکانیان بن ، کەواتە پێویستە چی بکەیت تا لەمەترسیەکانی ژیان بیان پارێزین لەتەمەنێك دا کەناتوانن ڕاست و هەڵەی کارەکانیان جیا بکەنەوە .. لەکاتێکدا کەمنداڵ لەتەمەنێکە و ناتوانین ڕێگری بین لەتێکەڵاوو بوون بەمنداڵی دیکە و کۆمەڵگە پێویستە چەندەها ڕێگە بگرینەبەر تا بیان پارێزین بەتایبەت لە دەست درێژی کردنە سەریان جا لەلایەن منداڵی لەخۆیان گەورەتر یان کەسانی دیکەوە لەوانەش : -

یەکەم / پێویستە منداڵەکانتان وا ڕابهێنن کەس نەتوانێ دەستیان بۆ بەرێ ، فێر یان بکەین کەلاشەیان موڵکی خۆیانە بەتەنها ، تەنانەت خوشك و براکانیشیان بۆیان نەبێ دەستتیان لێبدەن لە شوێنە هەستیارەکانی لاشەیان تا بەئاسایی وەری نەگرن ، فێر بن کە نا ئاساییە کەسێك دەسیان بۆ بەرێ .

دووەم / فێریان بکەین ڕۆژانە ئەوشتانەی دەیکەن بۆمان باس بکەن ، تەنانەت ئەوانەش لەنێوان خوشك وبراکانیش یان دەیکەن ، هەمیشە گفتووگۆیەکی پر میهرەبانانە لەنێوان دایکان و منداڵەکەی دابێ ، با دایکان باسی ڕۆژەکەیان بکەن تا منداڵەکەش بەئاسایی وەری بگرێ و باسی بکات ، گوێی بۆ بگرن بێ تووڕە بوون و هەڵچوون لەهەر قسە و ڕەفتارێ کە دەیکات ، چونکە ئەو نازانێ کاری هەڵە و ڕاست کامەیە ، سەرەتا دەس خۆشی لێبکە بۆ ئەو کارە باشانەی کەکردوویەتی پاشان یەك بەیەك هەڵە کانی بۆ ڕاست بکەوە ، وە لەشێوەی فەرمانکردن پێی بلێ جارێ دی کاری واناکەیت ، نەك بلێیت گەر دووبارەی کەیەوە سزات دەدەم ، چونکە وشەی ئەگەر وا لەمنداڵ دەکا کارەکە بە کارێکی گرنگ وەر نەگرێ و دوبارەشی دەکاتەوە ..




سێیەم / گەر لەماڵی خزم و ناسیاوت نزیك بوویت وا رایبهێنە لەگەڵ تۆ نەبێ نەڕوات ، گەر ڕۆشتیش بێ ئیزنی تۆ نەڕوا و کاتی گەڕانەوەشی بۆ دیاری بکە ، هەمیشە لێی بپرسە ڕۆژەکەی چۆن تێ پەڕاند لەگەڵ منداڵەکانیان ، بەتایبەت ئەو ماڵانەی منداڵی هەرزە کاریان تێدایە کەمتر بیاننێرە و زیاتر لە



سەلامەتی منداڵەکەت بە ئاگابە ، ئێمە ناڵێین هەموو کەس خراپن ناشڵێین منداڵەکەت بەند کە ، یان هەوڵدە هەموو ژیانی کۆنترۆڵ کەیت هەموو ئەوەی دەیکەت لە شێوەی گفتوو گۆ و ڕاهێنێك بێ بۆ منالەکەت کە خۆشی لێ وەر گرێ نەك هەست بکات و لێتان بێزار بێت ..

چوارەم / بزانە هاوڕێکانی کێن لە ماڵ و لە قوتابخانەش بزانە دایك و باوکی هاوڕێ کانی کێن ، ڕەوشت و ئەخلاقیەتیان چۆنە ، تا لەو منداڵانە بیان پارێزی کەخێزانەکانیان وەلایان ناون و هەڵە و ڕاستی خۆیان نازانن ، گەر هاوڕێکانی نزیك ماڵ و دراوسێ بوون هەوڵبدە کەمترین کات منداڵەکەت بەهەر بیانوویەك بێ لەوێ بمێنێتەوە ، تا ئەتوانیت ڕێگە مەدە بچێت ...

پێنجەم / وا ڕای بهێنە زۆر بەی کاتەکانی لەگەڵ تۆبێت زۆر ترین کات قسەی لەگەڵ بکە و ئامۆژگاری بکە ، بەجۆرێك ئامۆژگاری مەکە هەست بکا سنووور بۆ ژیانی دادە نێیت ، باشترین ڕێگەی ئامۆژگاری ، ئەوەیە پەنا ببەرە بەر چیرۆك گێرانەوە ، کاتێ منداڵەکەت هەڵەیەکی هەیە یان دەتەوێ فێری شتێ کی بکەیت ، چیرۆکێك دەس بخە باسی ئەو شتە بکات ، یان کەسێ خەیاڵی بۆ دروست بکە کەهەمان سیفات و ڕەفتاری ئەوی هەبێت بەس ناوی جیابێ وا وێنای بکە کە هاوڕێکەی یان دایکی ئامۆژگاری دەکات و بەو هۆیەوە هەموان خۆشیان دەوێ ، لەو کاتەیا خۆی پێت دەڵێ منیش هەمان هەڵەم هەیە و وەك کەسی ناو چیرۆکەکە هەوڵ ئەدەم باشبم و تا هەموان خۆشیان بوێم ..

شەشەم / منداڵەکەت بپارێزە لە بیستن و بینینی شتانێك بۆ تەمەنی ئەو گونجاو نین ، بەتایبەت لە بەکار هێنانی هێڵەکانی ئینتەرنێت و فلیم و گۆرانی کەئیستا زۆر باوە و هەموو بەها ڕەوشتیەکانی لێ دابڕێنراوە ، منداڵ لەتەمەنێك دا تووشی شتانێك دەکات کەڕەنگە کار بکاتە دەس درێژی کردنە سەر منداڵەکەت لەلایەن منداڵانی دیکەوە یانیش تەنانەت خوشك و برای خۆشیان لەماڵ دا ، زیاتر ئاگاداری ئەو منداڵانەتان بن تەمەنیان لەیەك نزیکن ، وە لە جێگەی ئەوانە منداڵەکەت بە ئەفلامی منداڵانە و بەرنامە فێر کاریە کان ڕابهێنێنە ، هەمیشە وا ڕایان بهێنە پێکەوە سەیری بەرنامە خێزانیە کان و بابەتە دەروونیە کان بکەن کە بۆ هەموو تەمەنێ گونجاون..



**ئیمان کاکە وەیس**

# تیورەکەی تشارڵز داروین

لە راستیدا تیوریەکەی تشارلز داروین کە لە کتیبەکەی بەناوی اصل الانواع لە سالی 1859 بڵاوی کردەوە وەك شۆرشێکی فکری و زانستی بوو، وە فاکتەرێکی تری زیادکرد بۆ بنیاتنانی شارستانیەتیەکی (لا دینی) کە ئەو تیوریە خۆی لەسەر بنەمای پەرەسەندن نەك خەلق دا ئامادەکراوە. هەوادارەکانی بەتایبەتیش زانایەکی ئەلمانی لە سالی 1895 بەنیوی فریدریك شایان لیستێکی بڵاوکردەوە کە 100 ئەندامی جەستەی مرۆڤ بێ ئە رکە و بێکارە و زیادە، لەوانەش وەك نموونە (NO) ئۆکسید النیتروجین کە پاشان دەرکەوت لەسەر دەستی سێ زانای بەناو بانگ لە ساڵی 1998 خەڵاتی نۆبلیان وەرگرت ئەوانیش فرید موراد و رۆبرت فۆرتشغوت و لویس ئەغنارۆ کە سەلماندیان هۆکاری سەرەکی بەرزی و نزمی پالەپەستۆی خوین و تەنگژەی دل ئەو (NO) ئۆکسید النیتروجینەیە وادانرابوو بی ئەرك و بن دیوارە کە کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا خەیالە پروپۆچەکەی داروین و هەوادارەکانی دەردەخات.

- وە هەروەها ئەفسانە سەیرکەی ناو ئەو تیوریە کە پێکهاتووە لە ویکچوون و هاوشێوە لە باڵندە و سەرجەم گیانەوەرەکان لە بەشی زۆری رەوشت و پێکهاتەی جەستەیی کە لە وەزیفەدا گوزارشت لەو پەرەسەندنە دەکات کە تیوریەکە پێی گەیشتووە. بەڵام لەو ساڵانەی دواییە کە کۆرمۆسۆم دۆزرایەوە دەرکەوت کە:

ژمارەی کرۆمۆسۆمی کەرویشك 44

ژمارەی کرۆمۆسۆمی مەیموون 48

ژمارەی کرۆمۆسۆمی مرۆڤ 46

بەڵام پاش ئەوەی کە لە سەیرترین دۆزینەوەی زانستی دا دەرکەوت کە ژمارەی کرۆمۆسوم لە رووەکی پەتاتە دەقا و دەق وەك مرۆڤە و ژمارەی کرۆمۆسۆمەکەی 46 لەوانەش سەیرتر زانست دەریخستووە کە پیکهاتەی چاوی مرۆڤ زۆر نزیکە لە چاوی ئەختەبووت لە دوور و نزیکیش خزمایەتیمان نییە لەگەل ئەختەبووتی ناو دەریا. کەواتە باب و باپیرانمان مەیمون نییە و بەخوای پەتاتەش نییە ودۆستایەتیشمان نییە لەگەل ئەختەبووت کەواتە ئێمەی مرۆڤ خەڵقی پەروەردگارین ئەو تیوریەش تەنها خەیاڵی زانستییە و هیچی تر نییە؟



حاجی سلام کریم سیدان

# سەفەر لە دیدی مەولانای ڕۆمییەوە



(مەسنەوی مەعنەوی بە نمونە)

هەموان یەك ڕاین کە ڕووبار سەرتر و نازدارترە لە گۆماو هەر لەبەر ئەوەی ڕووبار دەڕوا و ناوەستێ، چەندان ئاوەدانی و نزمەلان و کەند و زەندۆڵان دەگەڕێ، سروست پڕ دەکا لە جوانی و ڕەونەق و تەڕیی، لەم سۆنگەیەوەیە ڕووبار سازگار و شیرینە. لەم وێنە نازەنینەی سروشت سالیکانی حەقیقەت پەندێکیان هەڵێنجاوە و سەفەرکردنیان بە پایەیەکی تەریقەت لە قەڵەم داوە، پاڵپشتی ئەو کارەشیان لە لە قورئان و حەدیس پەیداکردووە. حەق تەعالا فەرموویەتی: سیروا فی الارض. حەزرەتی دڵداری حەق لە مەککەوە چەندان سەفەری بەرەو چەندین شوێن کردووە. خاوەندڵان لەم کارەی حەزرەت ڕامان و فەرموویان: سفر بر قدم واتە بەپێیان تێی بسوڕێن و بگەڕێن. لە ژیینامەی عاریفان دا هاتووە کە ئیبراهیمی خەواس هەرگیز چل ڕۆژ لە ئاوەدانییەك زەفت نەبووە. لە کتێبی (اللمع فی التصوف لا19) دا نوسراوە: موریدی تەریقەت دەبێ هەر ڕۆژەو لە مەنزڵێك بێ وەختێ کە مردیش دەبێ لەسەفەر بێ و لە نێوان دوو مەنزڵاندا بێ. مەولانای ئیمە فەرموویەتی: ێب ێستادە ناخوش کند بوی، واتە: ئاوی وەستاو دەگەنێ و بۆنی ناخۆش دەبێ. لە بەیتێکدا فەرمویەتی:

**بو کە موقوف است کامم در سفر**
**چـون سـفـر کردم بیابم در حچر**

واتە: دەکرێ مەبەست و ئامانجی من بە سەفەرەوە پەیوەست بێ تا سەفەرەکە نەکەم کارم وەئەنجام نەگا هەرچەند لەوانەشە لە حەزەریش ئامانجەکە بێتەدی.

لای عاریفان دوو جۆر سەفەر هەیە: سەفەری گڵ و سەفەری دڵ. سەفەری گڵ(بیرونی ـ دەرەکی) گەشت و گێڵە بەسەر زەوین و تێڕوانینی ڕەگەزەکانی سروشتە بەچاوی سەر هەروا سود وەرگرتنە لە ئەزموون و کاری ئەوانی دیکە. سەفەری دڵ ئەوەیە مرۆڤ بە دڵ بڕوا و لە داڵغە و خەیاڵان نوقم ببێ و لەگەڵ ڕۆحانیان بژی. لە هەر دوو جۆرەکانی سەفەر مرۆڤ دەگاتە پایەی پێگەیشتن و کەماڵ نمونەی مەولانا بۆ ئەو ڕایەی مانگە وەکو لە دوو شابەیتدا دەفەرمووێ:


**کز سفر ها ماه ، کیخسرو شود**
**بی سفرها ماه ، کی خسرو شود**
**از سفر، بیدق شود فرزین راد**
**وز سفر یابید یوسف صد مراد**

واتە: بەهۆی خولانەوە و گەشتەوە مانگی یەکشەوە دەبێتە تابان(مانگی شەوی چواردە) ئەگەر مانگ ئەو سەفەرە نەکا ئاخر چۆن دەبێتە تابان، هەر بەهۆی جوڵە و بزاوتنەوە بەیدەق( لە یاری شەترەنج) دەبێتە ئەسپ و هەر لە سۆنگەی سەفەرەوە بوو کە یوسفی ڕاستگۆ بە سەدان مەبەست و ئامانج گەیشت.
ئیدی با بجوڵێین بۆ ئەوەی زیندوو و چالاك بمێنین و دڵ و دەروونێکی پڕ نەش و نومامان هەبێ. ئەگەر هەنگاوێکیش بێ کەم نییە.



نیاز عەزیز (مەستی)

# یادی داگیرکردنی بەغدا لەلایەن مەغۆل



شار هەمووی شڵەژاوە، دایکەکان منداڵیان دەشارنەوە، جاحێرەکان هەواڵی گەیشتنی مەغۆلەکانیان پێ گەیشتووە، وا لە دەروازەی شارن، هەرچی گەورە و بچووکی شارە باس و خواسی ئەوانیان لەسەر زارە، نازانن چارەنووسی شار لەدەستی ئەو هەرچی و پەرچییانە چییە؟، چ دەکەن و شارمان چی بەسەر دێ؟. چەند رۆژێك تێپەڕی و مەغۆلەکان هاتنە ناو شار، خەلیفە کە پازدە ساڵ زیاتر بوو لەسەر تەخت بوو، مەغۆلەکان دەترسان بیکوژن، نەیاندەویست خوێنی بڕژێنن، بیرۆکەی نوێیان لەلایەن وەزیری خەلیفە پێ درا "ئیبنولعەلقەمی" گوتی: بەئەسپەکانتان بەسەری بکەون، بیخنکێنن، بیهاوێنە ناو ئاو!. خەلیفە رۆیی، مسوڵمانان وەك ماری بێ سەریان لێ هات، نەیاندەزانی فەرمانڕەوا کێیە، نە تەخت ما و نەپێ، شکۆی مسوڵمانان کەوتە دەستی مەغۆل، بەو سوپایەی کە گەورەترین بوو لە تەواوی مێژوویان، بەغدایان پێ گرت. تەنها دوازدە رۆژ بەس بوو بۆ گەمارۆی بەپایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ ئەوەی بکەوێتە دەستی هێرشبەران، هاتنە ناوەوەیان یەکێکە لە گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی ئیسلامی، خەڵکێکی زۆریان کوشت، هەرچی ئاماژەکانی شارستانییەت بوو لەو شارەیان نەهێشت، بەیتولحیکمەی ئەو شارەیان سوتاند، کە یەکێك بوو لە گەورەترین کتێبخانەکانی جیهان. زانا و رۆشەنبیرانیان هەتك کرد، ئەوانی مانەوەش لەگەڵ سووپای خۆیان راپێچەیان کردن، بینا و مزگەوتە مێژووییەکانیان ڕووخاند، نەخۆشخانەکانیان کاول کرد، قوتابخانەکانیان کۆر کردنەوە، کەسی تێدا نەما، ئەو کەسانەی لە کوشتار قورتاریان ببو، بەهۆی زۆری ژمارەی کوژراوەکانەوە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، لەناوچوون. هەندێك لە مێژوونووسەکان کەوتنی بەغدا بە کۆتایی سەردەمی زێڕینی مسوڵمانان دادەنێن، ئەگەرچی هەندێکی دیکە ئەو ڕایەیان نییە و لای ئەوان کاروانی شارستانییەتی ئیسلامی دوای عەبباسییەکانیش هەر بەردەوام بووە. کەوتنی بەغداد چەندین هۆکاری هەبوو، خیانەتی ناوەخۆی بەشێك لە وەزیرەکان، کە دیارترینیان "ئیبنولعولقومی" بوو، هەندێك مێژوونووس بە هۆکاری سەرەکی دادەنێن لە کەوتنی بەغداد، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئەو لە مەزهەبی شیعە بوو، خەلیفەش رەفتاری لەگەڵ شیعەکان خراپ بوو، ئەو تۆمەتە ئەو کاتە زیاتر لەسەری ساغ بوویەوە دوای ئەوەی هۆلاکۆ لە شوێنی خۆی و لە وەزیرایەتی هێڵایەوە. هەندێك مێژوونووسی دیکە رایان وەهایە کە خاچپەرستەکانیش پاڵپشتێکی مەعنەوی بوون بۆ هەڵمەتەکەی مەغۆلییەکان و گوایە پاپا بەخۆی نامەی پشتگیری بۆ هۆلاکۆ ناردووە. مەغۆلەکان هەموو ئەو کەسانەی

لەسەر ڕێیان بوون دەیانکوشتن، دەستیان لە هیچ کەس نەدەپاراست، تەنها جولەکەکان و ئەو کەسانەی بە پارە خۆیان ڕزگار دەکرد، هەروەها مەسیحییەکانیش، لەبەر ئەوەی خێزانی هۆلاکۆ "دوقوز خاتوون" مەسیحی بووە، فەرمانی کردووە مەسیحییەکانی بەغداد دەستیان بۆ درێژ نەکرێت. کتێبە ناوازەکانی بەغدا فڕێ درانە ناو دیجلە، هەندێکیان وەك پردی پەڕینەوە بەکارهێنران، ڕەنگی ئاوی دیجلە گۆڕا، چەند کتێبێکی کەم نەبێ "نەسیرەددینی توسی" بردییە شارێکی ژێر دەستەڵاتی خۆی.

چل ڕۆژان ئەو دۆخە بەردەوام بوو، خەڵکی هەموو خۆیان حەشار دەدا دوکانەکانیان لەسەر خۆیان دادەخست، دەرگایان بەسەر دەشکاندن و هەموویان دەکوشتن، لە مەزرا و شوێنە پیسەکان چەند ڕۆژان بێ خواردن مانەوە، ئەگەر هاتبانە دەرەوە دەکوژران و خوێنیان وەك جۆگە بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیی. مێژوونووسان لەسەر ژمارەی کوژراوەکان ڕایان کۆك نییە، هەندێکیان ژمارەکە لەنێوان (90 تا 200) هەزار دەخەمڵێنن، هەندێك سەرچاوەی فارسیش دەڵێن گوایە ژمارەی کوژراوەکان گەیشتۆتە (2 ملیۆن)، "زەهەبی"ش ژمارەکە بە (800 هەزار) کەس دادەنێت، دواى (چل) ڕۆژ خەڵکی بەغدا "شەرەفوددینی مەراغی" و "شیهابوددینی زەنجانی"یان بۆ لای هۆلاکۆ نارد، ئەویش فەرمانی کرد کوشتن و تاڵانی ڕابگیرێت و ئەو ژمارە کەمەی خەڵکی کە مابون گەڕانەوە سەر ژیانیان.


کوشتنی موستەعسیم:

یازدەی مانگی سەفەری ساڵی (656ك)، بەرامبەری 16 ی شوباتی (1258ز)، مەغۆلەکان هاتنە ناو کۆشکی خەلافەت، هۆلاکۆ فەرمانی بە خەلیفە کرد کە شوێنی زێڕ و گەوهەرەکانی پێ نیشان بدات، ئەویش لە ترسی هۆلاکۆ کلیلەکانی نەدەدۆزییەوە!، فەرمانی کرد کە قوفڵەکان بشکێنن و زێڕ و گەوهەرەکانی مسوڵمانان درایە دەستی هۆلاکۆ، ئەویش بێ گوێ دانە قیمەت و بەهای دراو گەوهەرەکان، ڕاستەوخۆ دابەشی سەر سەرکردەکانی کرد، هۆلاکۆ گوتیە خەلیفە: باشە ئەگەر ئەو زێڕانە ناخورێن، بۆچی هەڵتگرتوون؟ بۆچی نەتدەدان بە سەربازەکانت تا پارێزگاریت لێ بکەن؟، ئەو دەرگا ئاسنانەت بۆچی نەکردنە تیر و بەهۆیانەوە ڕێگریت لەمن کردبا و نەتهێڵابا بێمە ناو شار؟، خەلیفە گوتی: ئەوە قەزا و قەدەر بوو، هۆلاکۆ گوتی: ئەوەی بەسەریشت دێ قەزا و قەدەرە. خەلیفەیان گرت، خواردنیان لێ قەدەغە کرد، کاتێك داوای خواردنیشی کرد چەند پارچەیەك لەو زێڕانەیان لەپێشی داناو فەرمانیان کرد بیانخوات، چارەی سەفەر، بەرامبەری 19 ی شوبات خەلیفە بانگهێشت کرا، هەستی کرد کە ئەو بانگهێشت کردنە خێری تێدا نییە و داوای کرد کە لێبگەڕێن خۆی بشوات، هۆلاکۆ گوتی مەگەر پێنج پاسەوانت لەگەڵ بێ، ئەگەر نا لێناگەڕێم، قەبوڵی نەکرد، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە هۆلاکۆ فەرمانی کرد کە خەلیفە بکوژرێ، لەناو مافوورێك پێچایانەوە و لێیاندا هەتا مرد، دوای خۆشی دوو کوڕیشی کوژران و یەك یەك هەرچی عەبباسی بوون لەناو دەبردران، بەمەش ماوەی خیلافەتی عەبباسییەکان کە 525 ساڵی خایاند کۆتایی پێ هات، کە لەو ماوەیەدا سی و حەفت خەلیفە حوکمیان کرد و ماوەی دواهەمینیان زیاتر لە پازدە ساڵ بوو.

بغداد
بين 150 و 300 هـ



# سوێند خواردن جگە لەخودا هاوبەشی دانانە ؟



فەرموو دەیەك هەیە كەوا لەم رۆژ گارەمان زۆرێك لە مەلاكان و تازە خوێندەوارەكان تێدا كەوتونە هەلەیەك كەدەرچوونی تێدانیە ئەوەش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم : ( من حلف بغير الله فقد أشرك )ابى داود ٣٢٥١ و : ( من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك ) الترمذى ١٥٣٥ واتا : ( هەركەسێك سوێندی خوارد جگە بە خودا شركی كردوە یان كافر بووە ) ئالێرەدا دوو بۆچون هەیە

١- هەركەسێك سوێند بێجگە بەخودا بخوات مشريكی راستیە دەرچووە لەدین .

٢- سوێند خواردن بێجگە بەخودا شیرك نییە بەلام نەهیلێكراوە ئەم فەرمایشتانەش بۆ دوركەوتنەوەیە .

جارێرەدا پێویستە لەسەر هەردوو خال بەدرێژی بدوێین .

١- ئەوەی پالپشتە بۆی روكەشی فەرموودەكەیە هەر مرۆفێك سوێندی خوارد بێجگە بەخودا ئەوا كافرە و موشركە داوای تەوبەی لێئەكرێت ئەم فەرمودەش بەبەلگە ئەهێنەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێ : ( من حلف فقال فى حلفە و اللات والعزى فليقل لا إله إلا الله ) بخارى ٤٨٦٠ و ٦٦٥٠و ٦١٠٧ بە كەمێك جیاوازی وە مسلم ١٦٤٧ . واتا : ( هەركەسێك سوێندی خواردو وتی بە لات بە عزى ( كە دووبت بوون بێجگە لەخودا ئەپەرستران بەخودا ئەزاندران) بابلێ هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خودا ) بەلام ئەم فەرموودە زۆر جیاوازە لەگەل فەرمودەكەی تر چونكە ئەم فەرموودەیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی رونی كردۆتەوە لە (علمى اصول فقە) دا هەر شتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم رونی بكاتەوە ئەوا دەبێتە موفەسەر ئیتر هیچ ئەگەرێكی تر هەلناگرێ واتا بابەتەكە خاسە بەوكەسانەی سوێند بەخودایەكی تر جگە لەخودا بخوات ئەوا كافردەبێ پێویستە بە شادومان هێنان هەیە تاكو بێتەوە ناو بازنەی ئیسلام واتا لا اله الله تەوبەكردنە كەیەتی ، وە فەرموودەیەكی تر هەیە كە بەپالپشتی دائەندرێ كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم رۆژێك بیستی كە ئیمامی عمر سوند بە باوكی دەخوات فەرمووی : ( ألا إن الله ینهاكم أن تحلفوا بئبائكم من كان حالفا فليحلف بالله أو ليصمت ) مسلم ١٦٤٦ و البخارى ٦٦٤٦ واتا : ( ئایا خوای گەورە نەهیلێنەكردون كە سوێند بە باوانتان نەخۆن ئەوەی سوێندی خوارد با سوێند بەخودا بخوات یان بێدەنگبێ ) لێرە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهی دەكات لە سوێند خواردن بە باوان و فەرمان دەكات بە سوێند خواردن تەنها بە خوا یان بێدەنگ بون ، بەلام گەر سوێندەكەی ئیمامی عمر شرك بێ بۆ داوای لێ نەكرد بێ لا اله الا الله بۆ چی بەتوندی رەتی نەداوە دیارە بەم وتەیە كافر نەبووە گەرنا كەس لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم توند تر نەبووە لەسەر حەق راستی چۆن بێدەنگ دەبێ لە شرك كردنی هاورێكەی پێینالێ ئەمە شركە بەلكو داوای بێدەنگی لێدەكات ئەم پرسیارە پێویستە هەریەكەمان لای خۆمان وەلامی بدەینەوە.

٢- ئەوانەی دەڵێن كە سوێند خواردن بە جگە لەخودا شرك نییە ئەلێن ئەم فەرموودیە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێ : ( من حلف بغير الله فقد أشرك )ابى داود ٣٢٥١ و : ( من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك ) الترمذى ١٥٣٥ واتا : ( هەركەسێك سوێدی خوارد جگە بە خودا شركی كردوە یان كافر بووە ) دەڵێن سەنەدەكەی زەعیفە لەبەر ئەوەی سعد بن عبيده ئەم فەرموودەیەی لە عبدالله كوری ئیمامی عمر نەیبیستووە ، وە ئەلێن لە فەرموودەكە وشەی شرك بەمانای حقیقی نەهاتووە چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەفەرمووێ : ( سباب المسلم فسوق وقتاله كفر ) البخارى ٤٨و ٦٠٤٤و ٧٠٧٦و مسلم ٦٤ واتا : ( جنێودان بە موسلمانان لەدین دەرچوونە وەشەر كردن لەگەلیان كافر بوونە ) بێگومان كەسی ژیر نالێ ئەم فەرموودەیە یەك تەفسیری هەیە ئەوش ئەم مانا ئاشكرایە كەهەیەتی چونكە كەس بەجنێودان لەبازنەی ئیسلام دەرناچێ بەلام تاوانبارە كەس هەیە بڵێ شەر كردنی موسلمان لەگەل یەكتری كافریان دەكات وەئەمەش پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزە كە ئەفەرمووێ : ( إن طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما )الحجرات ٩ واتا : ( ئەگەر هاتوو دوو گروپی ئیمان داران شەریان كرد لەگەل یەكتری ئێوە ئەو دوو گروپە پێكبهێنن و ئاشتەوایان بۆ بكەن ) كەواتە شەركردنی ئیمانداران لەگەل یەكتری كافر بون نییە هەروەها چۆن ریا بەشیرك ناوی هاتووە ئەمانەش لەم جۆرەن ، وە كۆمەلێك بەلگە هەن كە دەیسەلمێنن كەوا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی سوێندی خواردووە بە سەری باوكی هەندێك لە هاوەلان وە ئەمانەش ئەكەنە بەلگە



١ - ڕۆژێك دەشتەكەیەك پرسیاری ئیسلامی لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كرد ئەویش ڕێنمونی كرد كابرا پشتی لەپاش كرد وتی وە الله من لەوەندە نەزیاتر دەكەم نە كەمتر ئەكەم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : ( أفلح وأبيه إن صدق أو دخل الجنه وأبيه إن صدق)رواه مسلم ، الدارمی ، ابی داود

٢ - هەروەها لە ئەبی هورەیرەوە گێردراوەتەوە :جاء رجل إلى النبي صلى الله عليه وسلم، فقال: يا رسول الله، أي الصدقة أعظم أجرا؟ فقال: " أما وأبيك لتنبأنه أن تصدق وأنت صحيح شحيح، تخشى الفقر، وتأمل البقاء، ولا تمهل حتى إذا بلغت الحلقوم، قلت: لفلان كذا، ولفلان كذا، وقد كان لفلان "رواه مسلم

٣ ـ له أبي هريرة، قال: جاء رجل إلى النبي صلى الله عليه وسلم، فذكر بمثل حديث جرير، وزاد: فقال: «نعم، وأبيك لتنبأن»رواه مسلم .

٤ ـ حدثنا أبو بكر بن أبي شيبة قال: حدثنا شريك، عن عمارة بن القعقاع، وابن شبرمة، عن أبي زرعة، عن أبي هريرة قال: جاو رجل إلى النبي صلى الله عليه وسلم فقال: يا رسول الله، نبئني بأحق الناس مني بحسن الصحبة؟ فقال: «نعم، وأبيك لتنبأن أمك» سنن ابن ماجە.

لێرەدا وشەی ( وابیە) واتا: بەسەری باوكی وشەی ( وابیك) واتا: بەسەری باوكت ئەمانە بە سەنەدی سەحیح لە خۆشەویستەوە جێگیر بونە كەواتە بۆچونی شیرك بون هەلناگرێ واتا سوند خواردن جگە لەخودا شرك نییە ، دەلیلی تر هەن كە هەمان ئاماژەیان هیە كە خەلیفەی موسڵمانان حەزرەتی ئەبوبەكری سدیق لەهەمووان شارەزاتربووە لە دینی ئیسلام و پاسەوانی یەكتا پەرستیش بووە ئەم ریوایەتە لەویەوە هاتووە

حَدَّثَنِي يَحْيَي ، عَنْ مَالِكٍ ، عَنعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْقَاسِمِ ، عَنْ أَبِيهِ ، أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ أَقْطَعَ الْيَدِ وَالرِّجْلِ قَدِمَ فَنزَلَ عَلي أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ فَشَكَا إِلَيْه أَنَّ عَامِلَ الْيَمَن قَدْ ظَلَمَهُ . فَكَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ فَيَقُولُ أَبُو بَكْرٍ : وَأَبِيكَ مَا لَيْلُكَ بِلَيْلِ سَارِقٍ . ثُمَّ إِنَّهُمْ فَقَدُوا عِقْدًا لِأَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ امْرَأَةِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ فَجَعَلَ الرَّجُلُ يَطُوفُ مَعَهُمْ . وَيَقُولُ : اللَّهُمَّ عَلَيْكَ بِمَنْ بَيَّتَ أَهْلَ هَذَا الْبَيْتِ الصَّالِحِ فَوَجَدُوا الْحُلِيَّ عِنْدَ صَائِغ . زَعَمَ أَنَّ الْأَقْطَعَ جَاءَهُ بِهِ فَاعْتَرَفَ بِهِ الْأَقْطَعُ ، أَوْ شُهِدَ عَلَيْهِ بِهِ . فَأَمَرَ بِهِ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ فَقُطِعَتْ يَدُهُ الْيُسْرَي . وَقَالَ أَبُو بَكْرٍ : وَاللَّهِ لَدُعَاؤُهُ عَلي نَفْسِهِ أَشَدُّ عِنْدِي عَلَيْهِ مِنْ سَرِقَتِهِ . موطأ .

وشەی (وابیك) واتا: ( بەسەری باوكت ) لێرەدا شارەزاترین كەس لە ئیسلام ، جێگری پێغەمبەر لەكاری دین و دونیا ئەمەی بەكارهێناوە ، ئایا دەتوانین بلێین شیركی كردووە ؟ بێگومان ناتوانین گەر بۆ ئەم زاتە شیرك نەبێ بۆ موسلمانانی تر بە ئەولاتر ئەلێین شرك نییە. لێرەدا من هانی كەس نادەین كەسوێند بخوات بەكەس بەلام بابەتێكە كە چوارمەزهەب لەسەری كۆكن كە شرك نییە .

لە مەزهەبی شافعی مەكروهە ، لە مەزهەبی ئەبو حنیفە مەكروهە ، لە مەزهەبی ئیمام احمد سوێند بەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دادەمەزرێ وە جگە لەو حرامە ، هەروەها لە مەزهەبی ئیمام مالیك دوو ریوایەت هەیە یەكیان كەراهیەتە ئەوەی تریان حرامە . (الفقه على المذاهب الأربعه:2|75، كتاب اليمين، مبحث الحلف بغير الله تعالى) . بەلام ئەوەش لەبیر نەكەین هەر كەسێك سوێد بخوات بە هەر پەرستراوێك یان وەك خودای گەورە بە گەورەی بزانێ ئەوە كافرئەبێ وەهەر كەسێك سوێند بە كافرێك یان زۆردارێك بخوات ئەمەش حەرامە هەروەك فەرموودەیەكی ئیمامی عمر كەسوێندی بەباوكی خوارد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهیلێكرد چونە باوكی موشریك بوو وەهەر یەكێك سوێند بخوات جگە لە خودا بەسەر زارەكی بێت یان بەسوێندیشی بزانێ وەك ئەم سوندانەی كەزۆر بەكاردێ :بەسەری باوكت یان بەتەلاقم ...ئەمانە گشتیان كەڕاهەتە . وەئەم حوكمانەش كەكراهیەتە و حرامیەتە لەلایەن فقیهەكان بۆ ڕێگریە لەزیادەرەوی و ئیفتراكردن و سوێند خواردن بە زۆردار و كافر و پەرستراوی درۆینە ئەگەر نا سوێند خواردن نێكی سەرزارەكی و بورێزگرتنی بەرانبەرێ هیچ گوناهێكی ئەوتۆی تێدانیە .



ئاوارە كاوێس

# عیلمی کەلام و فەلسەفە




قسە ئاسانترین کاری مرۆڤە و بێ جیاوازی مرۆڤەکان دەتوانن بێژن چ نەزان و چ زانا ئیدی بە پێی کایەی عیلمی شێوازی ئاخاوتن دەگۆڕێ ........

دەربارەی فەلسەفە و عیلمی کەلام سەرەتا جیاوازییەك تێ بگەین :-

لە عیلمی کەلامدا چونکە بنەمای ئاینی هەیە لە دورەوە ڕوانینە بۆ خودا و کەم کەم بیرکردنەوە لێی تا زانست بە ڕادەیەك ئەگا بتوانی لەبارەیەوە بدوێت ...

واتەچاوەڕوانی کردنە بۆ گەیشتن ، بەڵام لای فەیلەسوفان قەرارو بینینیان لەسەر خوا نییە و تا لە خاڵی کۆتایدا خودا ئەدۆزنەوە

ئیبن خلدون دەربارەی جیاوازی عیلمی کەلام و فەلسەفە ئەڵێت :- زانایانی کەلام بۆ سەلماندنی هەبوونی خوا وسیفەتەکانی بونەوەر و سیماکانی بوون دەکەن بە بەڵگە ، بەڵام ڕوانینی فەیلەسوف بۆ خودا ، ڕوانینە بۆ هەبوونی ڕەها ئەو هەبووەی لە خودی خۆیدا کامیلە وهیچی گەرەك نییە ، بەڵام ئەم جیاوازییە هیچ ڕێگرێك لە تێکەڵ بوونی فەلسەفە و عیلمی کەلام دروست ناکا ....

کەلام لەلایەن نەیارانی زانا کەلامییەکانەوە ناونراون بە کەلام چونکی زانستی کەلام هزر و کەلامە و بێ کردارە ، سۆفییەکان و فیقهییەکان بە پێی چەند حەدیس و پێشەوایانی خۆیان زۆر تەبا نەبوون لە گەڵ کەلامدا ، لەبەر ئەوەی هەم خودای خۆیان بێ وێنا بێ و هەمیش قسە زەرەری دڵە لە فەرموودەدا هاتووە دەربارەی خەڵکی مەدینە دەفەرموێ ، هەموویان ڕقیان لەقسە کردنە و کەلامیان خۆش ناوێت ، ئەگەر ڕەفتار و کرداری لە گەڵدانەبێت سوفیانی سەوری ڕێگەی بە موریدانی نەدەدا ، بەشداری لە کۆڕی زانایانی کەلام بکەن ، بەهاوەڵەکانی دەڵێت کەلام کاریگەری لەسەرتان ئەبێت ، لەبەر ئەوە نابێ کەلامتان لەسەر خودی خوا هەبێت نابێ بەشداری لە کەلام لەسەر خودی خوا بکەن ئیمام جەعفەری صادق ئەفەرموێ پێویستە کەلامتان دوور بێ لە عەرش ، هەرگیز کەلامتان لەسەر عەرش و سەرووی عەرشۆ نەبێ ، چونکە ئەو گەلانەی کەلامیان لەسەرخودا هەبوو تووشی نەفرەتی خودا بونەوە .

چەن کەسم دیوە کە شارەزای عیلمی کەلام بوون هەردەم وتویانە مەیخوێنە ، ئەوانەی خاوەن فەلسەفە و عیلمی کەلامن ، زۆر شت لە دەس ئەدەن لە ژیانی ڕۆژانە پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئیش و کار و چێژ بینین لە مادە لە دەس ئەدەن ، بەڵام هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ ئەوەی لە ڕێی عیلمی کەلام و فەلسەفەوە بە حەقیقەت بگەی ئەوەندەی کەسانی سەرلێشێواومان بینیوە بەهۆی فەلسەفە و کەلامەوە هێندە کەسانی گەشتوو بە حەقیقەتمان نەدیوە .

سۆفییەکان هەر لەبەر ئەمەیە نەهی لێ ئەکەن ، نەهی لەعیلمەکە ناکەن نەهی لە خوێندنی ئەکەن مەگەر کەسێ ئیجازە پێ دراو بێ لە سۆفیگەرایییەکان لەم چەن سەدەی دوایدا سید عبدالرحیمی مەولەوی بە سێ زمان و بە شعر عەقیدە و کەلامی داڕشتووە (عەقیدەی مرضیەی) کە کوردییەو (فوائیح)ی فارسی و( الفضیلە)کە عەرەبییەو زیاد لە هەزار بەیتە شعرە وە مامۆستا عبدالکریمی مودەریس لێکدانەوەی بۆعەقیدەی مەرزییە کردووە...

بەڵام خوێندنی کتێبەکانی ئیمام غزالی و پەروەردە کردنی عەقڵ و پارێزگاری دڵ و کرداری دژایەتی کردنی نەفس زۆر باشترە لە عیلم و بیرێك نە ئەزانی کامە سەرەتایەتی نە کۆتا ، بەڵام سۆفی هەرچی بکا دەزانی کامە سەرەتایە و کامە کۆتا (هو الاول والاخیر ) هەر خوایە سەرەتاو کۆتایە .

لابە لە دڵتا خەم و خەیاڵات
جەماڵی پڕ نووری محمد سەڵاوات

سەرچاوە
*احیا علوم الدین لامام ابو حامد محمد غزالی ؛بەرگی یەك
*زانستی کەلام و موعتەزیلە

حامد محمد

# دەلاقەیەك لە كتێب



لە ساڵیٚ **1994** بوو لە داوەتنامەیەکی هاورێم دواکەوتبووم بۆیە بە مەبەستی داوای لێبوردن کردن وتم : چووم بۆ سەرەخۆشی لە کەسێکی هاورێم ، ڕووداوەکە مردنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو ، ئەو پیاوە کە مردووە پێش ئەوەی گیانی دەربچێت لە کچ و کور و خزمەکانیانەوە چوار تەلەفۆنی بۆ دێت پیاوەکە لەم پەیوەندیە یەك لە دوای یەکاندا سەری زۆر دەسوڕمێت ، هەرچەند لە پەیوەندیەکاندا پێیان دەلێت باشم، بەڵام لە ناخەوە هەست بە نامۆییەك لە پەیوەندییەکاندا دەکات ، هەر پاش نیو کاتژمێرێك لەم تەلەفۆنانە و هەر لەو شێونەی کە لێی دانیشتووە پیاوەکە گیانی دەردەچێت. پاش ئەوەی ئەم ڕووداوەم گێرایەوە، گەنجیٚ کە یەکەمجاری بوو لە دانیشتنەکاندا بیبینم وتی ئەگەر یارمەتیم بدەن منیش ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەمەتان بۆ دەگرێمەوە " ئێمەش ڕەزامەندیمان نیشاندا و ئەویش دەستی کرد بە گێرانەوەی " وتی : ئەم گەرم و گوڕی و ئەو دۆستایەتییە جوانە و ئەم دانیشتن و دیدارانە زۆر کاریان لە من کردووە، ماوەیەکی کەمە یەکترمان ناسیوە بەڵام خەفەت لەوە دەخۆم کە تاوەکو ئەمرۆ بۆچی ئێوەم نەدۆزیوەتەوە، وەك دەبینن من قۆلێکم نیە ئیستا ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەوەی پێش کەمێك باستان کرد بۆتان دەگێرمەوە ، **10** ڕۆژی مابوو بۆ هاوسەرگیری کردنمان لەگەڵ دەستگرانەکەم ، ئەورۆژە ئەوم برد بۆ بارێك ، پاش کەمێك هاورێیەکم " موراد " کە لە هەمان کاتدا هاوناویشم بوو لەگەڵ دوو کچی هاورێیدا هاتن بۆ لامان. دوای ئەوەی بەخێرهاتنم لێکردن ، لەبەر ئەوەی هیچ چاوەڕوانی ئەوانم نەدەکرد لێمپرسین : بۆچی هاتوون ، وتیان بۆ " مردن هاتووین " و دەستیان کرد بە پێکەنین ئێمەش هەر بۆ ڕابواردن وتمان هەروەها ئێمەش ، دواتر هاوڕێیەکی ترم لە ناوی هاکان بوو لەگەڵ دوو کچی هاوڕێی دیکەدا هاتن لەبەر ئەوەی لەو کاتژمێرەدا و بەو شێوەیە پێشتر لەگەڵ ئەو هاورێیانەمدا کۆنەبووبوومەوە بەهەمان شێوە لە ئەوانیشم پرسی : بۆچی هاتوون ؟ ئەوانیش هەرچەندە ئاگاداری وڵامەکەی هاورێکانی پێشووم نەبوون وتیان " بۆ مردن هاتووین " دوایی خواردنی شەرەباکە لە بارەکە چووینە دەرەوە ، ئۆتۆمبێلەکەی خۆم دایە هاکان و ئێمەش سواری ئۆتۆمبێلەکەی موراد بووین ، ئەو شەوە لە دەستگیرانەکەم نامۆییەك بەدیدەکرا ، من دەمویست لە کوشنکەی دواوە لای پەنجەرەکە دابنیشم ئەویش بێتە نێوان من و کچەکەی دیکەوە، چونکە موراد ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری ، یەکێك لە هاوریٚ کچەکانی لە پێشەوە دانیشتبوو ئەویتریشیان لە دواوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی زۆر داوام لە دەستگیرانەکەم کرد لە ناوەڕاستدا دابنیشێت بەڵام قبوڵی نەکرد ، دەیوست من دابنیشم و منیش بە ناچاری دانیشتم دوایی کەمێك لە بەرێکەوتنمان ، توشی ڕووداوێکی هاتووچۆی زۆر سەخت بووین ، کچەکەی تەنیشتم و دەستگیرانەکەم لەوێدا مردن ، منیش بیٚ هۆش کەوتبووم و قۆلێکم پەڕیبوو و سکیشم هەڵتەقیبوو. ئەو کچەی کە لە پێشەوە دانشتیبوو بەهەر شێوەیەك بیٚ ڕزگاری ببوو ، پۆلیس هاتبوون دیمەنەکانیان بینیبوو وایان زانبوو هەمووان مردووین و هەموونیان بردبووە مەیتخانە ، دواتر بۆ جێگیرکردنی ناوەکان هاتنەوە بۆ مەیتخانە کە دەرگاکەیان کردەوە من دەجوڵامەوە و هاوارم دەکرد ، لە ترسا پۆلیس بەردەرگاکە ملی چەکەکەی هێنایەوە و بورایەوە کەوتە سەرزەوی ئەم پۆلیسە دوای چەند مانگێك لە چارەسەری دەروونی لەبەر خراپی باری تەندروستی خانەنشین کرا منیان خێرا برد بۆ چارەسەر ، دوای چەندین چارەسەر لە ناوەو و دەرەوەی وڵات هاتمەوە سەرخۆم ، هاوشێوەی ئێمەش هاکان و هاورێکانم توشی رووداوی هاتوچۆ بووبوون و مردن ، واتە لە کۆتاییدا تەنها دوو کەس مابوونەوە من و ئەو کچەی لە پێشەوە لەگەڵ ئێمەدا سەرکەوتبووماینەوە



کاتێك موارد ئەمانەی دەگێڕایەوە وەکو ئەوە وابوو کە هەناسەمان لێبڕابێت زۆر بە ئاگاییەوە گوێمان گرتبوو، موارد بابەتەکەی بە ڕێچیەکەی جیاوازدا برد و دواتر وتی " دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مورادی هاوڕێم 10 ـ 15 ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێت گۆڕێکی ئامادەکردبوو تەنانەت مامۆستایەکیشی بانگکردبوو پێی وتبوو قورئان بخوێنە و دوعا بکە ، مامۆستاکەش پێی وتبوو " ئێرە گۆڕێکی چۆلە من دوعا بۆ کێ بکەم ؟ مواردیش پێی وتبوو تۆ دوعا بکە بەم نزیکانە کەسێك دەبێت کە بێتە ئێرە " پاش ڕووداوی هاتووچۆکە لەو گۆڕەی کە ئامادەی کردبوو نێژرا ، دەستگیرانەکەشم بۆ دوایەمین جار پێش ئەوەی لەگەڵ مندا بچێتە دەرەوە هەموو جل و بەرگەکانی کردبووە باوڵ و جانتایەکەوە و لەسەری نوسیبوو " ئەگەر من نەهاتمەوە ، ئەمانە بدەنە هەژاران و دەستەی پاراستنی منداڵان " ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە دەستگیرانەکەم هەستی بە ڕووداوەکە کردبوو لەبەر ئەوەی کە منیشی زۆر خۆشدەوسیت بۆیە بۆ پاراستنی من داوای کرد کە لە ناوەڕاستدا دابنیشم ، هەرگیز نەمدیبوو بەم شێوەیە پێداگیری لە شتێك بکا کاتێك موارد ئەمانەی دەگێڕایەوە چاوەکانی ئەسرینی دەرشت ئینجا سەری هەڵبری و پرسیارێکی کرد : ئەو باوەڕی بە خوا هەبوو . شەرابی نەدەخواردەوە ، ئارەزووی لە کاری چاکە بوو سەر راستبوو ، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی کە تێیدا گەورە ببوو دەربارەی ئاین تاکە شتێکیشی نەدەزانی تۆ بڵێی خوا لێی خۆشبێت ؟ ئێمەش بە مەبەستی دڵدانەوەی ووتمان : بۆ کەسێکی لەم شێوەیە کە لە هاوشێوەی فەترەت و لە نەبوون و نامۆییدا گەورە بوبێت سۆز و بەزەیی خوا فراوانە و هیچ کاتێکیش بەرامبەر خوا هیوا بڕاو نابین. موارد دواتری دەربارەی خۆی ئەمەی وتت : من باوەڕم بە خوا هەیە . سالێکە هیچ شەرابم نەخواردووە . بەڵام دوور لە ئاین ژیانم بردۆتە سەر . یەکێکیش نەبووە دەستم بگرێت ، ئایا خوا لە منیش خۆش دەبێ ؟ ئێمەش دووبارە بە باسکردنی فراوانی سۆز و بەزەیی خوا دڵمانداینەوە لەوکاتە چاوەکانی موراد دەگەشایەوە و پێی وتین " من نامەوێت لە ئێوە جیاببمەوە ، گەر ڕێگەم بدەن من دەمەوێت بەشداری هەموو دیدارەکانتان بم " ئێمەش وتمان بەو پەڕی خۆشحاڵەوە چاوەڕێتن هەفتەیێ دواتر موارد ویستبووی مانشێتی ئەو ڕۆژنامانەی کە لەسەر ڕووداوەکەی ئەوان نوسیبوویان بکاتە دۆسییەك و بۆمان بهێنێت ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕووداوی هاتووچۆکەی توشی پەرکەمی کردبوو ، پەرکەم لێیدەدات ئیسماعیلی هاوڕێی بە پەلە دەیگێنتە ماڵی خۆیان دوایی چاك بوونەوەشی موارد تەلەفۆنی بۆ هاوڕییان کردبوو تێیدا پۆزیشی بۆ نەهاتنەکەی هێنابۆوە پاش هەفتەیەکی تر بەهەمان شێوە کاتێك موارد لەگەرمادا دەبێت پەرکەم لێیدەدا و دەکەوێت و سەری بە توندی دەکێشێت بە زەویدا و یەکسەر دەگێنرێتە دەخۆشخانە کە چووین سەردانی بکەین نەیدەناسینەوە ، دوای چەند ڕۆژی وەفاتی کرد هەموو هاوڕێیانی ئەو گەنجە بۆی دەگریان ، کە گەیشتنە لای تەرمەکەی خۆمان پێ ناسان و هەموو وەك و پەروانە چواردەوبەریان داین و پێیان وتین " موارد دوای ئەوەی ئێوەی ناسی ، هات بۆ لامان وتی هاوڕێیان کۆمەڵێك مرۆڤی زۆر پاکم ناسیبوە لەگەل ئەوان یەك ببینن با ڕێگەیەکی باش بدۆزینەوە ، ئەم ڕێگەیەی کە ئێمە گرتوومانە ڕێگە نییە ، من دەمەوێت فێری بنەماکانی ئیسلام بم و پێوە بژیم بە پێچەوانەوە هەموو شتێکی تر فانی و بەتاڵە ، زۆر ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەگەڵتانا دابنیشین و قسەمان بۆ بکەن ، بەڵام تەمەنی بەشی ئەوەی نەکرد کە بەیەکترمان بناسێنێت تێگەیشتین موراد ئەو کاتەی کە خوایی گەورە پێی بەخشیبوو زۆر بەباشی بەکاریدەهێنا ، پاشان چووین بۆ سەرەخۆشی لە ماڵەوەیان لەوێ دایك و باوك و خوشکەکەی پێیان وتین موراد " هەمیشە باسی ئێوەی دەکرد ، ئێوەی زۆر خۆشدەویست " لە ڕۆژی ناشتنەکەی مواردا گەنجێکی لێبوو کە سەری بە پەڕۆیەکی سپی بەستبوو وتی مواردم زۆر خۆش دەویست کاتێك کە کۆچی دوای کرد ئۆتۆمبێلەکەم بە دیوارێکدا کێشا و لەبەر ئەوەیە سەرم بریندارە ، بەڵام دەمەوێت شتێك بە ئێوە بلیم، ئایا یەکتر ناسیمان لەگەڵ ئێوە هەردەبوو لە ڕێگای مردنی مواردەوە بووایە ؟ بۆچی ئێمەش نابەنە لای خۆتان گەنجەکە بەم شێوەیە سەرزەنشتکردنی خۆی دەردەبڕی دواتر زانیمان موارد گەنجێکی زۆر بەجەرگ بووە و دوای مردنی دەستگیرانەکەی بە جەرگتربووە .

لە کتێبی : ئاوێنەی نەوەیەکی نموونەیی





لێزمە وەصفی

# دەرمانخانەی سروشتی مال

## (1)   رووەکی پەلپینە  ( بربین) (البقلە ) (الرجلە)
## (Portulaca   oleracea)   (Pourpier)



خوای گەورە ئەوندەی دەرمانی سروشتی پێ بەخشیووین لە دەورووبەرمان بەلام ئێمە قەدری نازانین کە هەریەکەیان دەرمانخانەیەکە لۆخۆی بەلام بەداخەوە یەکێك لەو دەرمانخانەی مالەوە ئەویش رووەکی پەلپینە ....... کە یەکێکە لەو رووەکە خورسکانەی کە لەوەرزی بەهار و هاوین لەکێلگەکانی چاندراو بە سەوزەوات دەرویت بە شێوەیەکی سروشتی لە سەرزەوی دەکشێت و درێژیەکەی دەگاتە نزیکەی مەترێك گەلاکانی سیگوشەیەو اسفنجیە رەنگی گولەکانی زەردە و تۆیەکەی بچوکەو رەنگی رەشە لەکاتی پێگەیشتن بەشێوەی سروشتی بلاودەبیتەوە سەر زەوی و دەرویت ، پەلپینە دەتواندریت لەمالەوە لەناو مەرکان بچیندریت ، رووەکی پەلپینە سودی زور لیرەدا چەند سوودیکی باس دەکەین :-



1 - دەولەمەندە بە چەوری ئۆمیگا ٣ کە دژی انتهاباتە و میشك چالاك دەکات و یارمەتی دەرە بۆ کەم کردنەوەی هەوکردنی جومگەکان .

2 - ریژەیەکی زۆر ترشی (اللینولینیك ALA) ی تیایە کە ریگرە لە نەخۆشیەکانی دل و چالاك کردنی سووری خوین و ریگرە لە جەلتەی دل .

3 - فیتامینەکانی (A,B,C) کە کاردەکەن بۆ لەناوبردنی مادە ژەهراویەکان لە لەشدا وە ریگرە لە دروست بوونی خانە شیرپەنجەیەکان .

4 - دەولەمەندە بە مادەکانزایەکانی (کالیسیوم و مگنیسیوم و پۆتاسیۆم) کە گرنگن بۆ بەهیزکردنی ئیسك و ددانەکان و ماسولکەکان و ریك خستنی پەستانی خوین .

5- دەولەمەندە بە دژە ئۆکسانی بەهیزن وە کاروتینات کە پیکهاتەی ئەندامی سودبەخشن .

6 - یارمەتی دابەزاندنی کیشی لەش و کەم کردنەوەی چەوری زیادە و ریژەی کولسترول   لە خوین دەدات .

7 - چارەسەری نەخۆشیەکانی گەدە وریخۆلە .

8 - ریژەیەکی زۆر فیتامین A ی تیایە لەگەل پیکهاتەی تر کە یارمەتی دەرە بۆ کەم کردنەوەی هەوکردنی پیست و بەکاردیت بۆ پاکردنەوەی پیست (تعقیم) و کەم کردنەوەی چرچ ولۆچی پیست و لابردنی پەلە لەسەر پیست .

9- بەهیزکردنی چاو / بوونی ریژەیەکی زۆرلە فیتامین A لەگەل ( بیتا کاروتین )یارمەتی دەرە بۆ بەهیز کردنی چاو چارەسەری کزبینی .

دەتوانین وەك سەوزەوات بخۆین یان ووشکی بکەنەوە ر ۆ ژ ا نە 1 ملاك لەناو 1 پەرداخ ئاوی زۆر گەرم بکە و ئاوەکە بخۆرەوە بەیانی زوو کاتێ لەخەو هەستاین .






د. بدر قادر سورچی

**مەرجەکانی بڵاو بوونەوەی بابەت لەم گۆڤارە:**

**1-** بابەتکە نوێ بێ و لە شوێنی دیکە بڵاونەبووبێتەوە.

**2-** بابەتەکان لە **2000** وشە تێنەپەڕن، گۆڤار بۆی هەیە بابەتی درێژ کورت بکاتەوە.

**3-** ئەو نووسەرەی کە یەکەم جارە بابەت دەنێرێ، باشترە چەند دێڕێك لە ژیاننامەی خۆی بنێرێ.

**4-** هەموو بابەتەکان دەکەونە بەر دیدی دەستەی نووسەران و ئەگەر لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی گۆڤار نەگونجان، بۆی هەیە رەتی بکاتەوە، یان داوا لە نووسەر بکا کە دەستکاری بکا.

**5-** گۆڤار ئەگەر بابەتێکێکی قەبووڵ کرد بۆ بڵاوکردنەوە، ئاگاداری نووسەرەکەی دەکاتەوە، بەڵام لەکاتێکدا بڵاونەبوویەوە، پەیوەست نین بە ئاشکرا کردنی هۆکاری بڵاونەبوونەوەی.

**6-** بابەتە بڵاوکراوەکان دەبنە موڵکی گۆڤار و هەر کاتێك بیەوێ بڵاوی دەکاتەوە، لە هەر توێژینەوە و پەڕتووکێکیش پێی گونجاو بێ، بە زمانی خۆی یان وەرگێڕدراو بۆ هەر زمانێکی دیکە بڵاوی دەکاتەوە.

تکایە بابەتەکان تەنها بۆ ئەم ئیمەیلەی خوارەوە بنێرن:

**Govari.raha@gmail.com**

